17

# ملوانکەی شین

پێشەکی، لێکۆڵینەوەو ئامادەکردنی:
ئەنوەر حسێن (بازگر)

2021

ملوانکەی شین

بابەت: شیعر
پێشەکی، لێکۆڵینەوەو ئامادەکردنی: ئەنوەر حسێن (بازگر)
دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد
بەرگ: ئارام عەلی
پێداچوونەوەی زمانەوانی: کارا فاتیح
چاپی سێیەم: 2013
چاپی چوارەم: 2021
چاپ: ئایدیا
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 3000 دینار

سەرپەرشتیاری کتێب
پەرژین ئەحمەد

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (2132) پێدراوە

# ملوانکەی شین

پێشەکی، لێکۆڵینەوەو ئامادەکردنی:
ئەنوەر حسێن (بازگر)

2021

**پێشکەشە بە....تۆ....**

کە یەکەم جار، فێری نووسین و خوێندنی کوردیت کردم...

**شەریف–ح**

# پێرست


ئازادی لەژێر پاڵتۆکەی شەریف دا.......................................... 7
پیشەکی........................................................................ 19
دیل............................................................................... 23
فرمێسکێ بۆ فەڵەستین............................................... 24
یادێ............................................................................... 27
قوتابخانە.......................................................................... 29
نامەێ بۆ کوڕی شاعیران.............................................. 39
ئامانجی قەڵەم................................................................ 41
بۆ گۆران........................................................................ 43
کۆچ............................................................................... 44
ڕووبار........................................................................... 47
تەنیا............................................................................... 51
ژار................................................................................. 53
دێ................................................................................ 54
بگری.............................................................................. 57
فەلسەفەی گەردوون......................................................... 59
هەڵاڵە.............................................................................. 61
هەنسک و فرمێسک........................................................... 65
لانەی بایە قوش................................................................ 67
وێنە................................................................................ 75
پەپوولەی خەیاڵ.............................................................. 78

باده........................................................................... 81
خێراب........................................................................... 83
زرێبار........................................................................... 84
خوداتان لەگەڵ........................................................................... 87
ملوانکەی شین........................................................................... 88
شوان........................................................................... 96
نیگارێ........................................................................... 98
چوارینە........................................................................... 100
تابوتی سوور........................................................................... 102
خاک و خۆر........................................................................... 103

# ئازادی
# لەژێر پاڵتۆکەی شەریف دا

لێکۆڵینەوە: ئەنوەر حسێن (بازگر)

ئەو کاتەی لە ساڵانی هەشتاکان، گوێم لە گۆرانییەکانی (هەڵاڵە، خوداتان لەگەڵ، دێ، فرمێسکێ بۆ فەلەستین و قوتابخانە) بوو، بە دەنگی هونەرمەندان (نەجمەی غوڵامی، کاڵێ ئاتەشی، مەزهەری خالقی...) سەرنجم بۆ ئەوە چوو، دەبێت ئەو هۆنراوانە هی چ کەسێک بن، چونکە هۆنراوەکان، سادە و قوڵ، بە نەزم و جوان بوون و کاریگەری گەورەی لەسەر من دانا.

تا ئەو کاتەی لە ساڵانی نەوەدەکان، لە شەقامێکی شاری سنە، چەند کتێبێک بێ ناز، لەسەر شەقامەکە دانرابوون بۆ فرۆشتن، لەگەڵ هاوڕێکەم سەروو دانەیەکمان کڕی.

ئیتر (شەریف)م باشتر ناسی و ئەوکات زانیم، کە خاوەنی ئەو هۆنراوە جوانانە، ئەو شاعیرە بەرزەیە.

شەریف حسێن پەناهی، خاوەنی نامیلکەی (ملوانکەی شین) ئەگەرچی من بەشبەحاڵی خۆم، تەنها ئەم دیوانە بچوکەیم بینوە، بەڵام دەکرێت بڵێم (ملوانکەی شین) نمونەیەکی بەرز و گەورەی شیعری کوردییە.

هەستی نێونەتەوەیی و ئینسانی شاعیر، بە ئاشکرا بە شیعرەکانییەوە دیارە، ئەمەش دەکرێت وەکو ئینسانێکی شۆڕشگێڕ و نێونەتەوەیی شاعیر و شیعرەکانی بناسین، جیا لەوە کاتێک شیعرەکانی دەخوێنیتەوە هەست دەکەیت لەژێر زوڵم و زۆری ستەمێک ئەم شیعرانە نوسراون و هەر چەندە دەیەوێت پڕ بە دڵی خۆی قسە بکات و باڵی شیعری بفڕێ و نەهامەتییەکان بدرکێنێت.

بەڵام یاسای باو، زوڵم، و ستەم ڕێگای پێنادات، بە ناچاری خۆزگە و ئاواتەکانی پەنگ دەخواتەوە، لە پەیوەست بە کورد و کورد بوونیش، هەستی شاعیر بە ئاشکرا دیارە، کە چەند لە خەمی نەتەوە و نیشتمانەکەیدایە.

سەبارەت بە سروشت و وەسفی سروشت، داهێنانێکی گەورەی کردوە کە ئینسان هێندەی تر پەیوەست دەبێت بە سروشتی کوردستانەوە.

شەریف، لەم دیوانەیدا لە لوتکەی شیعردا خۆی دەبینێتەوە، هەر بۆیە لەبەر گرنگی شیعرەکانی و ناساندنی باشتری شیعرەکانی و ملوانکەی شین بە خەڵکی کوردستان، بڕیارماندا (ملوانکەی شین) چاپ بکەینەوە، خزمەتێکی بچووک بە شەریف و ملوانکەی شین و شیعری کوردیش بکەین، بەو هیوایەی ئێوەش شەریف و ملوانکەی شین باشتر بناسن و تام و چێژی ئەدەبیات و شیعری باشتر لێوەربگرن.

بێگومان لەم کارەشماندا، تەنها و تەنها ئامانجمان خزمەتکردن بوو، بە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و بە تایبەتیش ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاعیری گەورە و هەست ناسک (شەریف حسێن پەناهی) بە هیوای ئەوەی کارەکەمان، گەرچی بچوکیش بێت، جێگەی ڕەزامەندی ئێوەی خوێنەر بێت.

دەبێت ئەوەش زیادبکەم، شەریف، کە هێشتا ئەسەرێک لە چارەنووسی دیار نییە، کە چیان بەسەر هێناوە و لە کوێیە؟ جێگەی داخ و خەفەتە، کە تەنها لەبەر شیعر و

هەڵوێستەکانی، لەبەر بیرەوەرییەکانی وەها مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و بێ سەروشوێن دەکرێت. بەڵام بزانن یان نا بە، گومکردنی جەستەی شەریف ناتوانن ئەو، لە دڵ و باوەڕی خەڵکدا دەربکەن. ئەو دەریایەکە لە خۆشەویستی لەناو هۆگرانی شیعر و عاشقانی خۆیدا و هەرگیزا و هەرگیز جێگەی ئەو کوێر نابێتەوە و هەمیشە بە جاویدانی و نەمری دەمێنێتەوە.

هەرکات باسی شیعری خۆڕاگری، ئینسانی و بەرەنگاری دەکرێت، شەریف لە پێشەنگی ئەو شاعیرانەیە. هەرکات باسی نەهامەتی خەڵک و چینی زەحمەتکێشە، شەریف لە ڕەوتی ڕوو لە هەڵکشاوی شیعر و دەقی کوردیدایە.

شەریف، تەنها بەم نامیلکەیە، تەنها بەم کتێبە بچکۆڵەیە، ئەو پەیامەی دایە، ترسنۆکان و داگیرکاران کە زوڵم و چەوسانەوە لەبەرامبەر شیعردا خۆی ڕاناگرێت. بە تەنها شیعر و ئەدەبیات دەتوانێ شورای قایم و مەتەرێزی پاوانخوازیان بێنتە لەرزین.

شەریف حسێن پەناهی، وەکو ئینسان داکۆکی لە گەلانی بێ ماف و سەرکوتکراو کردوە. وەکو بیروباوەڕ، وەکو ئینسانێکی چەپ و عەدالەت تەڵەب بیری کردۆتەوە. گەر سەیری شیعری (فرمێسکێ بۆ فەڵەستین) بکەی، سەرنج دەدەی هەم دەیەوێت داکۆکی لە ئازار و ستەمی فەڵەستینییەکان بکات. هەم دەیەوێت ژانی هاوبەشی نێوان کورد و فەڵەستینەکان وەکو دوورگەلی چەوساوە نیشان بدات.

ڕاز و ڕەمزەکانی ناو شیعرەکەی شەریف ئاماژەن بۆ سەرکوت و ستەم، بۆیە لە ڕێگەی ئەم ڕاز و ڕەمزانەی وەک (هەژاری، کەوی کوێستان، خانووی هەردووکمان، باڵندەی بێ هێلانە، خەبات) دەیەوێت هەموو ئازار و محنەتەکانی گەلی کورد بەیان بکات. بۆ خۆ دەربازکردن لە سانسۆر و دەسەڵاتی داگیرکار.

شەریف لە شیعری (یادێ) لە زمانی بولبولی ناوبەندی قەفەس، کە دەکرێت شەریف خۆی بێت و ژیان و ماڵی خۆی وەکو قەفەسی دیلی سەیر کردبێت. بەڵام بە ئیمانەوە دەڵێت و ئازادی دەوێت و هێلانەی خۆی چێ دەکات، هەڵدەفڕێ، پەروەردەی ئەو کێوانەیە، بەکارهێنانی ئەو وشانە ئاماژەن بۆ ڕەمزی ئازادی و ڕەتکردنەوەی قەفەس و زیندان.

شەریف کەم ژیا، یا بڵێم کەم ڕێگایان پێدا ژیان بکات و بەرهەم بداتە دەر، خۆگەر ئەو ستەم و ترس و خەفەتانە نەبوایە دژی ئەو، دڵنیام زۆرتری دەنووسی و ئەفراندنی گەورەی دەکرد لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا.

شەریف هێندە شیعری جوانی بە خوێنەری کورد و ئینسانی کورد بەخشی، دەتوانیت نەچی بۆ فەلەستین هەموو ژان و نەهامەتی فەلەستینەکان ببینی، دەتوانی زیندانی نەبیت، بەڵام شیش و سوکایەتی زیندان بە ئاسانی هەست پێ بکەیت، دەتوانی لە لادێ نەژیا بێ و لە زەماوەندی گوند و لادێی کوردستان بەشدار نەبوو بیت، بەڵام هەموو وێنە و دیمەنەکانی ئەم ڕێوڕەسم و سروشتە جوان لە دڵ و دەروونی خۆتدا جێ بکەیتەوە.

دەتوانی هەرگیز نیگارکێش نەبوو بیت. بەڵام بەڕامان لە شیعری (دێ) ببیتە نیگارکێشێکی ناچورالیزم، ئەو دیمەنە جوانانە. بتکاتە نیگارکێشێکی نەمر و بەناوبانگ. یان دەتوانی بەو وێنانەی لەو شیعرەدا هەن، ئینسان دڵ و گیانی فێنک بکاتەوە، کاتێ وەسفی شەوگاری بەهار، گوڵی سور، سەرگۆنای ئاسۆ، رانی ئاوایی دێتە بەرچاوت.

ئەم حاڵەتە لای زۆرێک لە شاعیران هەستی پێ دەکرێت بەبێ ئەوەی هەست بکەی، خۆشت لەناو سروشت یان زیندان، یان فڕین و بێ دادیدا دەبینیتەوە.

واتا شەریف لەگەڵ خەیاڵی ئینساندا مامەڵە دەکات و بە زمانێکی سادە و بێ گرێ و گۆڵ دەدوێ و قسەدەکات. بەڵام قوڵ و پڕ مانا. پڕ لە وێنە و تەسویر و گەورەیی و ئینسانی، ئینسان وا هەستدەکات، شەریف دەناسیت کاتێ شیعرێکی دەخوێنیتەوە. یان هەست دەکەی لێت نزیکە، بۆچی؟ چونکە خاڵی هاوبەش، ژانی هاوبەش، تێڕوانینی وەک وەک یەکتان هەیە بۆ ژیان و ئازار و نەهامەتی و چەوسانەوە و داگیرکاری، واتا هەردوولا ئینسانیانە بیردەکەنەوە.

چونکە دڵنیام گەر (ملوانکەی شین)ی شەریف نەبوایە، هەرگیز هیچ کەس نەیدەتوانی بینووسێ و ئێستا لە کتێبخانەی کوردیدا نەدەبوو، بەڵام لە پاڵ ئەوەدا ئەرکی ئێمەیە زۆرتر لەوە شەریف بە خەڵکی بناسێنین و ئەو بخەینە زەین و فکر و ویژدانیانەوە.

خۆشم دەتوانم بڵێم کاتێ (ملوانکەی شین)م خوێندەوە هەستم کرد و شیعر چ جیهانێکی ناوازەیە. چ ڕوحێکی گەورەیە لە ئینساندا دروستدەبێت.

دەکرێت بپرسین بۆچی زۆرمان و زۆرێک لە شیعرەکانی شەریف-مان لەبەرکردوە. لەسەر زارمانە، یان کاتێ گوێبیستی گۆرانییەکی (کاڵێ، ناسر) دەبین، دەزانی ئەم شیعرە هی شەریفە؟

دەزانی بۆ؟ چونکە ناخ هەژێنە، چونکە هیومانیستییە، چونکە سادە و بێ گرێ و گۆڵ و بێ گرفتە، چونکە ژانی هاوبەشی هەمووومانە، چونکە گوێ لەو قوربانییە دەگرین کە بە دەست جەلادەکەیەوە بێ سەروشوێنە. چونکە دڵت لێدەدات بۆ ناسینی، بۆ ئازادبوونی، بۆ بێ سەروشوێن بوونی.

شەریف، سوپەرمانی قوربانیبوونە بەدەست جەلادەکەیەوە، بەڵام پاڵەوانی شار و شەقام و وڵاتەکەیەتی پاڵەوانی دڵی ملیۆنان ئینسانی کوردە، کە ئەو بە شیعر تەعبیری لە نەهامەتی و ئازارەکانی کردوە.

ئەو سیمبوڵ و ڕەمزی بەرگری بوو. ئەو ڕەمزی مقاوەمەت بوو بەرامبەر ئەو هەموو پڕ ستەمەی لە هاوماڵەکانی، لە هاوخوێنەکان، لە ژن و کچ و کوڕی گەڕەکەکانی ئەو دەکرا، ئەو بێ دەنگ نەبوو، ئەو دەنگی هەقیانەت بوو ئەو ئارەزووی ئینسان بوو بۆ ئارەزوەکانی ژیان، ئەو مرۆڤی باڵای کۆمەڵگا بوو بۆ هێشتنەوەی ئینسان بە گەورەیی.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر شاعیری گەنج و بە توانا، لەژێر پاڵتۆکەی شەریفەوە دەرکەوتن، نەک ئەوەی بە تەنها ڕێچکە و ڕێبازی ئەدەبی ئەویان گرتبێت، نا بەڵکو جیا لە فۆڕمی ئەدەبی، بەرگری، بەرەنگاری، فۆڕمی چینایەتی، نەتەوەیی و نیشتمانی ئەویان لە ژیانی ڕۆژانەیان کرد بە میرات و کلتوری ژیانیانیان.

گەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوبانگ و شوهرەت سەدان نوسەر و شاعیری شۆڕشگێڕی چەپ و ڕادیکاڵ و نیشتمانی پێشکەشی کۆمەڵگا کرد بێت، ڕاست و دروستە، بەڵام یەکێک لەوانەی کە تام و بۆو ڕەنگی تایبەت و سەدا و نەغمەی جیاوازتری خستە دەر شەریف بوو.

ئەو لە ناوجەرگەی، مەملەکەتی جەلاد بوون مایەوە، بە دەنگی بەرزی شیعری قسەی دڵی خۆی و لاوان و ئازادیخوازانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی دەکرد، بۆیە هەر کاتێک لە ڕۆژهەڵات باس دێتە سەر شیعر لە پاڵ ناوی (سوارەی ئێلخانیزادە، جەلالی مەلەکشا، چاوە، هێمن و قانع....) ناوی شەریف بە دێڕێکی گەورە دەنوسرێت و بە دڵێکی گەورە وەردەگیرێت و پێشوازی لێدەکرێت.

شەریف، گەر هەر ئادەم و کەسایەتییەکی فیزیکی بوو بێت، کە شەریفانە بوو، بەڵام مەهام و ناوەڕۆکی شیعرەکانی هێندە شەریفانە و ئینسانییانە و تەعبیر لە خواستی ستەم و چەوساوەکان و ئینسانی بەشمەینەت بوە، هەموو کەس سەر بەم نەوەیە، دەتوانێ خۆی لە شیعرەکانی ئەودا بدۆزێتەوە، دەتوانێت ڕێک و ڕاست ئەوە بڵێت، کە شەریف

ژانی هەموومانە، ژانی هاوبەشی ژێر دەستەکانە، ژانی زیندانییەکانە، ژانی گۆمی زرێبارە، ژانی هەڵاڵەیە، ژانی دێ و شارە، ژانی کۆچ و ڕووبارە، ژانی قەڵەم و ژانی ژنانی شەهید.

ئەرکێکی تری شیعری شەریف لە دیوانی (ملوانکەی شین) ستایلێکی تایبەت و نوێ دەخاتەڕوو، کە توانای گۆڕینی شتە خەیاڵی و فانتازییەکانی بۆ شتی ماتریاڵ و واقیعی دروستکردوە، وەکو رەبیع جابر دەڵێت:" لە شیعری (قوتابخانە) بە تەنها (خوێندکاران و قوتابخانەی داروخاو، لەناو گوند و لادێی کوردستاندا، کە گەرم ئەبێ بە سرودی نەتەوەیی و نیشتمانی، (ئا – وێنەی ئاوارە، ئاواتی ئەو هەژارە، ب – وەکو برسییەتی، پ – وەکو پێ پەتی، ئا – وێنەی ئازادی، ت – وەکو تێکۆشەر، س – وەکو سەربەستی، سەرو سێدارە و سستی، خ – بە وێنەی خەبات، کاف – وێنەی کوردستان....، مامۆستای قوتابخانە کەوتۆتە بەندیخانە، لە بان تەختەی سەر دیوار، خەتێ مابوو یادگار..."‌).

ئەو هەموو وشانە، ئەم هەموو وشە سەخت و قورس و پڕ مانا و مەدلولانە، ئەم هەموو وشە قاچاغ و یاساغانە، ئەم هەموو وشە حەماسی و شۆڕش هەڵگیرسێنە، ئەم هەموو وشە بەرزانەی کە بناغە و بنەچەی کلتوری کۆمەڵگەی بەشەری و ئازادیخوازی کوردستانن، کە هەموو کورد ژیان و بوونی خۆی تێیاندا دەبینێتەوە.

ئەم وشانە و کۆمەڵێک وشەگەلی تر لەناو کۆمەڵگای کوردستانی و کوردستانی شەریف، هیچ زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێم بە دەیان هەزار کەس تەنها بە نوسین و وتنی ئەم وشانە لە سێدارەدراون، مافی کورد بوون و ژیان بونیان لێ ساندۆتەوە، بە واتایەکی تر لەگەڵ هەر کام لەم وشانە، ئینسان باڵی فڕین دەئاژوێ، هەست بە گەورەیی بوون و وجودی خۆی دەکات، دەیەوێت هەڵفڕێ لە قەفەس و دەیەوێت چ زیندانی وڵاتەکەی شەریفە تەخت و تاراجی بڕوخێ بەسەر یەکدا.

ئەو وشانەی شەریف لە شیعری (قوتابخانە) ڕیزی کردون وەکو وشە و خەیاڵ و فانتازیا، هەر زوو گۆڕاون بۆ مادە و ماتڕیاڵ لە لادێیەکانی کوردستان جێ کەوتوون و سەدان کەسیان بەو خۆزگانەوە ناردە شاخ و شەهید بوون.

گەر وشەی ئازادی، لە شیعردا خەیاڵ و فەنتازیا بێت، بەڵام شەریف تحویلی دەکات بۆ ماتریاڵ، پیت پیت، دەزوولە دەزوولە شیدەکاتەوە و مانای ئازادی، مانای کورد بوون و مانای دەرچوون لەژێر دەستەیی و دیلی پێدەدات.

مانای سیستم و وڵات، خوا و ئاسمانێکی تر بەو وشانە دەدات و وادەکات ئینسان، کە لەم شیعرانە ڕادەمێنێت، وشەکە بگۆڕێ بۆ واقیع و زیندان بشکێنێ و ئازاد بێت، سەربەستی تەنها لەو شوێنە گیر دەکەوێت، کە شەریف پێی دەزانێ.

خاڵێکی تری جێی سەرنج لە شیعرەکانی شەریف دا پەنا بردنە بەر نۆستالژییایە، کە یەکجار سامانێکی ئەدەبی گەورەیە لەناو شیعرەکانی شەریف دا، ئەو هەموو داب و نەریتەیە، ئەو هەموو کلتورە دەوڵەمەندە، شەریف لەناو شیعرەکانیدا جوییان دەکاتەوە.

هەرچەندە زیادەڕۆیی نییە، گەر بڵێم شەریف، خاوەنی فۆڕم و سەبک و شێوازێکی تایبەتی شیعری خۆی بوە، بەڵام گەر ئەوەش ڕاست و دروست نەبێت، بەڵام زۆرتر لە هاوسەردەمەکانی خۆی خاوەنی سەبک و شوناس و ئەزمونی تایبەتی خۆی بوە، بەو دەلیلەی زمانێکی یەکجار سادە، بەڵام قوڵ و پڕ دەلالەت لە ڕاستگۆیی و وتنی ڕاستییەکان بەوپەڕی ڕاستگۆیی بە گێڕانەوەی واقیعییەتی حاڵی، تاڵی تراژیدی کۆمەڵگەی کوردستان لەژێر ستەم و بێ مافیدا، هەموو ئەوانە دەتوانێت موڵکی تایبەتی شەریف بن بۆ ناسینەوەی شیعرەکانی، بەشێوەیەک لە فۆڕمی خەیاڵ و فانتازییەکانیشی بۆ گێڕانەوەی حەقیقەت و تاڵی و تراژدییەکانی کۆمەڵگاکەیەتی.

هەر کەس شیعرەکانی شەریف بخوێنێتەوە، دەتوانێ وێنەی ئەو قوتابخانە ڕووخاوانە لە زهنی خۆیدا جێ بکاتەوە، کە ڕووخێنراون و ئەوەش بزانێ و هەستی پێبکات، کە بۆچی ڕووخێنراون؟ و کێ ڕووخاندونی؟ وێنەی منداڵی ناو ملوانکەی شین بۆ هەموو کەس ئاشنایە، کە ئەم منداڵە دەستەنگ و هەژارە، ڕێک منداڵی نێو قوڵکەکانە، منداڵی خانەوادەی گەڕەکە هەژارنیشینەکانی فەقیر ئاوایی سنە و

فولکەی باوە ڕەشی مەریوان و کۆچە و کۆڵانەکانی سەقز، سەردەشت، بانە و بۆکانە.

ئەو منداڵانەی بژێوی ژیانیان لەسەر ماسیگرتنە تا ژیانێکی مەمرە و مەژی بەڕێ بکەن.

لە شیعری (لادێ)دا ئینسان هەست دەکات، شەریف باس لە شەوگار و تاریکی، منداڵی ساوا و دایکی سەر لە بان لانکەی کام کۆرپە باسدەکات و وەسف دەکات، هەستدەکەی ئیحساست پێت دەڵێت، کە (باسی توانەوەی گوڵی شەو دەکات، باسی کەلەشێری دێ، ژنی گورج و گۆڵ، گوێ سەبانان، تەندوری ماڵان)، باس لە کام گوند و ئاوایی سنە دەکات، ئەو باسی باوەرێزە، یان قزڵجەیە، باسی نێ یە، یان باسی قەلەڕەش، کاوژان و سنجوێیە، هەستدەکەی ئەم گوندەت دیوە و لەپاڵ دار سپیدارێکی لاسک سەوز، لەسەر حەوزی کانیاوی مزگەوتەکەی ئەو گوندە ماندوێتیت دەرکردوە و سەرخەوێکت شکاندوە.

کە باسی (ژانی ئاوایی، باخ و کاژیلە، ئاسکی بزێوی سەرکۆ، خوڕەی جۆباران، شاری دوکەڵ)ت دەبینی، دەزانی ئەوە باسی گوندەکانی سەر شیوی سەقز و سەرپلەی سارڵە، باسی گروێدسە و دولکان و دینارانە.

بە واتایەکی تر هەموو کوچە و کۆڵان، شەقام و گوند و ئاواییەکانی کوردستان بەم حاڵ و وەسفەی شەریفەوە، تۆ وەکو خوێنەر تا دەرس و ناونیشانی هەموویان پێ دەزانی.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی شیعرەکانی شەریف، کە لە زۆر جیهانی شیعردا حساباتی تایبەتی لەسەر دەکرێت و لەناو شیعردا جیا دەکرێتەوە (شیعری گۆرانییە).

شەریف لەم دیوانەیدا تەواوی شیعرەکانی هەر دەڵێی بۆ گۆرانی نوسیوە، ئەوە ڕاستە کە شیعرەکانی سەر بە مەکتەبی وەزن و قافییەن، سەبکی کلاسیکی شیعری کوردین، بەڵام جیاوازی ئەو شیعرانەی شەریف ئەوەیە، کە پڕن لە وێنە و تەسویری جوان و پڕن لە نۆتە و مۆسیقای گۆرانی، کە دەڵێی خۆیشی شارەزایی نوسینەوەی نۆت و ژەنینی کەمانچە و ساز و سەنتور هەبوە.

ڕەنگە هەر ئەوەش هۆکارێک بێت، کە زۆربەی شیعرەکانی کراونەتە گۆرانی، یان بڵێم بە تەنها شیعری (هەڵاڵە) چوار هونەرمەند ئەم شیعرەیان کردۆتە گۆرانی و هەر کامیان ئاواز و میلۆدییەکی زۆر بەرز کە تا دێت و پاش دەیان ساڵ، هێشتا ئەم شیعرە زیندوو و نەمر و عاشقانە و جاویدانییە.

(مەزهەری خالقی، ناسری ڕەزازی، نەجمەدین غوڵامی، حەمە جەزا) هەر کامیان بە جیا ئەم شیعرەیان بە نەغمەی جوان کردۆتە گۆرانی، جیا لە شیعرەکانی تری کە لەلایەن (کالێ ئاتەشی، حسێن شەریفی، عەزیزی شاروخی، حەسەن دەرزی...) زۆر هونەرمەندی تر کراونەتە گۆڕانی.

ڕەنگە کەم دیوان هەبێت، هێندە ناسک و پڕ لە وێنە و تەسویری جوان بێت، گەر لای تاهیر بەگی جاف، یان حەمە عەزیز ئەم دووبارە بوونەوەیە ببینی.

شەریف هێندە سادە و بێ گرێ و گۆڵ لە گەڵمان دەدوێت هەموو سروشتی لە دوو توێی دیوانێکدا بە بەرگی زەرد و سور و ئاڵا و واڵاوە، خستۆتە مێشک و باوەشمانەوە.

لای شەریف، لادێ و سروشت، پانتایی و فەزایەکی یەکجار فراوانیان گرتۆتە خۆی، ڕەنگە هەر ئەوەش بێت وایکردوە، هێندە بە زمانێکی سادە لەگەڵمان بدوێت، هێندە بە زەریفی، هێندە بە ناسکی و ناچۆرالیستانە، وەسفی سروشتی کردوە، سروشتی هێندەی تر ناسکتر و دڵگیرتر کردوە.

کەچی ڕێک بە پێچەوانەوە، زۆر کەم باسی شار دەکات، کە ڕەمزی کارگەر، چەوسانەوەی کرێکار، ململانێی چینەکان و ژینگەی ئەرستۆکرات و خانەدان و دەوڵەمەندەکانە.

ڕەنگە شەریف لەم بەراوردەش دیسان مەبەستی بێت، ئەوە بە خوێنەر بڵێت، کە لادێ ڕەمزی ئینسانی سادە و هەژار و کرێکار و زەحمەتکێشە، ڕەمزی پاکبونەوە و گەورەیی سروشت و ڕەمزی حەرەکەتی شۆڕشگێڕانە و ئینسانییە، بۆیە هێندە شیعرەکانی لە تەوەری لادێ نزیک و لە شار دوور دەکەوێتەوە.

**نۆڤەمبەری- 2020**

**سلێمانی**

## پێشەکی

یەکەم جار لە بەزمێکی شاعیرانی مهابادا ناسیم و شیعرم بیست و خۆشم ویست. دواییش بۆ ڕەخنەلێگرتن، زۆربەی شیعرەکانی بۆ خوێندمەوە، بەڵام من بەش بە حاڵی خۆم، خۆشم لێ هاتن و بۆنی شیعرم لێ کردن. خەیاڵی ناسک و هەستی هونەرمەندانە و ئەزموونی شاعیرانەم تێدا بە دی کرد. هەر کەسە جۆرە بۆچوونێکی لە شیعردا هەیە، من زیاتر لە خەیاڵی ناسک و ئەزموونی ورد و نوێ دەگەڕێم، تا ڕواڵەتی جوان و ڕازاوە و کێش و قافیەی سەیروسەمەرە، یان باشتر بڵێم شیعرم لە نەزم خۆشتردەوێ.

شیعرێکم پێ باشترە، کە لە دڵەوە هەڵقوڵێ و بە دڵەوە بنووسێ، بەشی زۆری شیعرەکانی شەریف وان، سۆز و عاتیفە و کوڵوکۆی دەروونی خۆیەتی، هەستی خوێنەر یان گوێگر دەبزوێنن و حاڵەتی شاعیر لە کاتی نوسینی شیعرەکەیدا لە پیاوی ورد دە گەیەنن. بە بڕوای من، ئەگەر ئەم شاعیرە زیاتر خۆی ماندوو بکات و پتر هەوڵ بدا، شاعیرێکی نەک باش، بەڵکوو گەورەشی لێ پەیدا دەبێ.

هونەر سنووری بۆ نییە هیچ هونەرمەندێک نەگەیشتوەتە لوتکەی هونەر و ناشیگاتێ، بەڵام هیی وا هەیە زۆر بەرەو ژوور دەچن. وەک تێ گەیشتووم شەریف دەزانێ تازە وردە هەنگاو بەرەو مەنزڵ هەڵدێنێتەوە، بۆیە هیوام زۆر بەرەو ژوور بچێ.

وا هەست دەکەم شەریف وەک من لە بڕوا دایە، کە شیعر کۆن و نوێی نییە و باش و خراپی هەیە.

نەزم نە بە وشەی جوان و وەزنی سەنگین و قافیەی گران دەبێتەوە شیعر، شیعریش نە بە وشـەی جوان و وەزنی سەنگین و قافیەی گران دەبێتەوە شیعر، شیعریش نە بە وشەی ساکار و کێشی سووک و لە بەکارنەهێنانی قافیە، نزم دەبێتەوە نەزم.

شیعر و نەزەم دوو جۆرە هونەرن، کە دەبێ خوێنەری ورد، حوکمیان لەسەر بدا، بەڵام چەند خۆشە شیعر ئەوەندە باش بێ، کە هەم فۆڕمی لێک و لووس و ڕێک و پێک بێ، هەم ناوەڕۆکی هەستبزوێن و دڵڕفێن.

خۆزیا شەریف ئەو ئامۆژگارییانەی هەمیشە لە پێش چاو بێ: هەرگیز لە شیعری خۆی ڕازی نەبێ و پێی وا بێ، کە دەتوانێ لەوەش باشتر شیعر دانێ. تا شیعر دنەی نەدا، لە خەوی ڕانەپەڕێنێ و هەستی نەبزوێنی دەست نەداتە قەڵەم.

ئەوەیشی لە بیر بێ، کە زمانەکەمان پێویستی بە خزمەت هەیە و هەوڵ بدا وشەی ڕەسەنی کوردی بە کار بهێنێ و خۆ لە وشەی دەستکرد و داتاشراو بپارێزێ. تەنانەت لە بەکارهێنانی وشەی بێگانەی، لە وشەی ناڕەسەنی کوردی پێ باشتر بێ.

هیوادارم دیوانی دوەم ئەم شاعیرە زیاترم ڕازی بکات.

* بۆچوون: ڕەوشتی کەسی سەبارەت بە شتێ
**خۆنی: خۆیەتی
***کێش: وەزنی شیعر.
*پتر: زۆرتر. دوند: لوتکە
*دنەی نەدا. هانی نەدا.

**مامۆستا هێمن**
22/5/58

# دیل

وەکوو ئاوی بنی گۆمێ کە جێ مابێ لە ڕووبارێ
وەکوو بەردی سەری شاخێ کە دانرابێ لە دیوارێ

وەکوو کاتێ گەڵای زەردێ دەسی بەر بێ لە سەر دارێ
دڵم تەنگە لە تەنیایی نە هاوڕازێ نە خەمخۆرێ

من ئەو بەردەی گرفتارم، کە دیلی چینی دیوارم
من ئەو ئاوەی بنی گۆمم کە جێ ماوم لە ڕووبارم

گەڵای زەردم، مەلێ پیرم، منم دڵـداری زنجیرم
لە بیرم دێ کە سی ساڵە لە بەندیخانە یەخسیرم

لە تاریکتی ژیانم دا، لە سوچی سەردی زیندانا
بە مۆرەی نەردی ناکامی، بە جارێ عومری خۆم دانا

بەڵێ ئەو ساتە لاوێ بووم وەلێ ئێستا وەها پیرم
هەیە جارێ بەسەرهاتی خەمینی خۆم نییە بیرم

قەرەوڵ دێت و ڕادەبری، شەوانی عومرم ئەژمێرێ
شەوێکیش وا منی دیلی، بە دەستی مردن ئەسپێرێ

*دیل: بەندی، زیندانی
* قەرەوڵ: چاودێر

# فرمێسکێ بۆ فەڵەستین

ئەی سەرگەردانی مانوو
لێ قەوماوی بێ خانوو

ئەی ماڵ و منداڵ لە کۆڵ
ئاوارەی نیشتمان چۆڵ

ئەی برای فەلەستینی
کەی مافی خۆت ئەستێنی؟

ئەی باڵندەی بێ هێلان
ئەی وەیلانی بەستەزمان

لەو دەشت و دۆڵ و کێوە
دوو کۆڵ ئەبەی بەڕێوە:

کۆڵێ ماڵ و منداڵت
تەزاندویتی باڵت

کۆڵێ خەمی وەیلانی
دڵت گرتوویە شانی

بارت قورس و پێ پەتی
ڕێبواری ڕێی مەینەتی

ئاخۆ خەمی نیشتمان،
پێت قورسە یا کۆڵی شان؟

ئەی فەلەستینی هەژار
وێڵی دەستی ئیستعمار

ڕۆژێ دەبێ خەباتت
بێنێتە دەست وڵاتت

ئاخۆ ئەو ڕۆژە کەی بێ؟
ئاخۆ ئەو ڕۆژە کەی بێ؟

***

ئەی باڵندەی بێ هێلان
ئەی وەیلانی بەستەزمان

من هەژاری وێنەی تۆم
کوردم، کوردی ڕەنجەڕۆم

هەر چەن لە کوردستانم
دڵخۆشم لە هێلانم،

بەڵام کەوی کام کوێستان
باڵندەی کام دارستان؟

بە زمانی خۆی ناخوێنێت؟
بۆ خۆی باڵ ناوەشێنێت؟

ئـــەی ئـــــاوارەی فـەڵـەسـتـیـن
خانووی هـەر دووکـمان خوێنین

هـــەر دوو پـەشـێـو و خـەمـبـار
هــــەر دوو کــز و بــریــنــدار

بـــــریـــــنـــــداری چـــــزی مـــار
چـــزی مـــاری ئـیـسـتـعـمار....

ئـــەی بـــاڵـــنـــدەی بـــێ هـێـلان
ئـــەی وەیـــلانـــی بـەسـتـەزمـان

رۆژێ بـــە هـــیـــوای خـــەبـــات،
هـــەر دوو دەگـــەیـــنـــە ئـــاوات.

ئـــاخـــۆ ئـــەو ڕۆژە کـــەی بـــێ؟
ئـــاخـــۆ ئـــەو ڕۆژە کـــەی بـــێ؟

# یادێ

بولبولی بەندی قەفەس، پەروەردەی ئەو کێوانەیە
بۆیە تا ئاخر نەفەس، هەر وا بە تاسەی لانەیە

باڵی ئازادی ئەسوتێنین و دانەی پێ ئەدەین،
نەك ژیانی ئەو مەلە، تەنیا بە ئاو و دانەیە

شینی هێلانەی دەکات، ئەگریت و سەربەستی دەوێ
بانگ و ئاوازی قەفەس، ئەو شیوەن و گریانەیە

سوچی بەندی بۆ دەڕازێنینەوە بێ خەم بژی،
کەی نیشانەی ژینی بێ خەم، زیوەری کاشانەیە؟

تێ دەکۆشێ هەڵفڕێ، بەندی قەفەس بۆی ناچڕێ
ئاخرین ئاواتی بەرزی دیتنی هێلانەیە

نەغمە سەردانی کەوا پاراوی هەستی گەل دەکات،
شینی بێ فرمێسکی ئەو باڵندە بەستەزمانەیە.

سوچی بەندیخانە وایە، هەر کە ئازادیی دەوێ،
بەرهەمی کاتی خەمی، ئەو نەغمە بەرز و جوانەیە

## «قانیعم» دێنێتە بیر ئـاوازی باڵندەی قەفەس
## قورِبەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە (1)

1 – دێری ئاخیری هیی مامۆستا قانیعە، کە ئەو شیعرە بە ناوبانگەی لە بەندیخانەدا داناوە (بە وێنەی بولبولی نێوان قەفەسێ)

# قوتابخانە

**(1)**

پـاش ئـەوەی کـە خـۆر هەڵدێ
پـرشـنـگ ئـەخـاتـە سـەر دی

خـوێـنـدەواران دێـنـە دەر
ڕێـی مـەکـتـەب دەگـرنـە بـەر

*　　　　*　　　　*

لـە نـێـو کـۆمـەڵـەی مـاڵان
بـۆ خـوێـنـدنـی مـنـداڵان

مـاڵـێـکـی زۆر وێـرانـە
کـراوەتـە قـوتـابـخـانـە

کـاکـی مـودیـر بـەیـانـی
بـەر لـە خـوێـنـدەوارانـی

ئـەڕوات و لـەو بـەر دەرگـا
مـاوەیـە هـاتـوچـۆ دەکـات

ڕەوشـتـی کـاکـی مـودیـر
لاوی ژیـرو ڕۆشـنـبـیـر،

لە نێو دڵی خەڵکی دێ
بەجوانی گرتوویە جێ

یاری هەزارەکانە
هیوای نەدارەکانە

لاوێکی چاك و ڕوو خۆش
کوردی وێژ و کوردی پۆش

بە ڕاسی خەڵکی ئەوێ،
گیانیان بۆ مدیر ئەوێ

**(2)**

ماوەی تر مەکتەب دێ
گەرم ئەبێ بە سروودێ

لە پەنجەرەی پەرتوکاو
تیشکی خۆر ئەداتە ناو

مامۆستا وەکوو جاران
ئەڵێ بە خوێندەواران:

دیسان ڕۆژی شەمەیە
کاتی پرسینەوەیە

«وریا» تۆ هەستە سەر پێ
دەرسی پێشووم بۆ بڵێ

ئا-وێنەی چی؟ ب-وەك چی
ت-وێنەی چی؟پ-وەك چی؟

لە ئەلفەوە تاکوو –ی-
هەر چی دەزانی بیڵێ

«وریا» بیر ئەکاتەوە
وەڵامی ئەداتەوە:

ئا-وێنەی: ئاوارە
ئاواتی ئەو هەژارە

ب-وەکوو: برسیەتی
پ-وێنەی پێ یەتی

ت-وەکوو: تاڵی ژین
تاریکی و تێکۆشین

کاتێ شتێ نازانێ
بۆ منداڵان ئەڕوانێ

نوون-بە وێنەی: نەدار
ە- بە چەشنی: هەژار...

**(3)**

کـــاکـــی مـــودیـــر هـــەڵـــدەســـتێ
بـــەرامـــبـــەریـــان دەوەســـتێ

ئـــەڵـــێ: بـــەســـیـــتـــی ئـــیـتر
دەس کـەیـنـە بـاسـێـکـی تــر...

هـــەتـــا مـــن لـــە بـــیـــرم بێ
ئـــەم وشـــانـــە ئـــەگـــوترێ

تـــاکـــەی دەرســـــی دڵـتـەنـگـی؟
تـــاکـــەی دەرد و بـێـدەنـگـی؟

ئـــیـــتر لایـــان بـــەیـــن لـــە بیر
ڕوو کـەیـنـە ڕا و تـەکـبـیـر
***
مـــنـــداڵـــەکـــان مـــات ئـــەبـــن.
دەرســـــی تـــازە گـــوێ دەگـــرن

بـــێ دەنـــگـــی قـــوتـــابـخـــانـــە
پـــڕ دەبـــــێ لـــــەم وشـــانـــە:

ئـــا-وێـــنـــەی: ئـــــازادی
ئـــــاڵای ئـــــاوات و شـــادی

ب-وەکوو: بیرەوەر
ت- وێنەی: تێکۆشەر

س-وەکوو: سەربەستی
سەر و سێدارە و سستی

منداڵ بە یەك دەنگەوە
دەڵێن بە ئاهەنگەوە:

خ-بە وێنەی: خەبات
خوێندن و خوێن و خەڵات

کاف-وێنەی: کوردستان
کورد و کۆمەڵ و کوێستان

* * *

ماوەی بەر لە نیوەڕۆ
دوایی دێ دەرسی ئەمڕۆ

ئێوارە منداڵەکان
لە نێو باخ و لە سەر بان

دەرسی تازە دەخوێنن
بە خەڵکی ڕادەگەیەنن:

ی- وەکوو: یەکیەتی
یەکگرتن و یارمەتی

## (4)

ڕۆژی شەمەی داهاتوو
ئەو دەرسەیان لە بەر بوو

بەڵام تاکوو خۆراوا
بەو گەرمای خۆرە تاوا

لەڕێی شارا وەستابون
چاوەڕێی مامۆستا بوون

تینی خۆرو خەمباری
پرسین و چاوەنواڕی

مامۆستامان وا لە کوێ؟
بۆچی نایەتەوە دێ؟

*        *        *

پێش ئەوەی تاریك دابێ
هەواڵێ کەوتە نێو دێ

مامۆستای قوتابخانە
کەوتوەتە بەندیخانە

مامۆستای قوتابخانە
کەوتوەتە، بەندیخانە...

## (5)

ماوەێ حەفتەی دەگوزەرێ
نابێ لەوێ خەبەرێ

بەڵام خوێندەوارەکان
هەر لە قوتابخانە دان

دەنگی بەرزی دەرسی جوان
ئەڕوا بەرەو ئاسمان

ب- وێنەی: بێگانە
برین و بەندیخانە..
چاویان وا بە ڕێگەوە
مامۆستایان بێتەوە

## (6)

ڕۆژی هەوەڵی زستان
کە سەرما هاتە کوێستان

کەسێ هەواڵێ دێنێ
دڵی دێ ئەلەرزێنێ:

چەن لاوێکی ڕۆشنبیر
بە هاوڕێی کاکی مودیر

ئەو ڕۆژە تاریك و ڕوون
لە سێدارە درابوون

**(7)**

ئیتر ئەو منداڵانە
جێی دێڵن قوتابخانە

کاتێ ئەڕۆن بە دڵ تەنگ
چاو بە فرمێسك و بێدەنگ

خوێندەوارێ کش و مات
سەرنجی دیوار ئەدات

فرمێسکی پڕ لە گرێ
دێت و بەر چاو دەگرێ

لە بان تەختەی سەر دیوار
خەتێ مابوو یادگار

دڵی نەدەهات کەسێ
شتی لە سەر بنووسێ:

(ی- وەکو: یەکیەتی)
(یەکگرتن و یارمەتی)

(ئا-وێنەی: ئازادی)
(ئاڵای ئاوات و شادی)

***

لە دێهاتی ناوچەی کوردەواری ئێراندا، بە مامۆستای قوتابخانەکان دەڵێن: مودیر.

*بێگانە: ئیستیعمار

# نامەیێ بۆ کۆڕی شاعیران

کورد ئەگەر چی زۆرە دەردی، بەردی مەینەت وا لە ڕێی
دەس لـە ئـەژنـۆ گرتن ئـەو بـەردانـە لانـایـا لـە ڕێی

شیعری خاوێنم دەوێ خوێنی دڵ و زاری نەبێ
ڕەنگی فرمێسکی دەروون و بۆنی خەمباری نەبێ

بۆچی «قانیع» بم لە ژینا، بۆ ئەبێ هەوڵێ نـەدەم؟
بۆ ئەبێ دەس هەڵگرم، تاکوو بە ئامانجم نەگەم؟

هێمنی هەڵناگرێ ئـەم چـەرخـە بـۆ کـوردی کلۆڵ
تابەکەی «هێمن» بژین و تێ نەکۆشین گورجوگۆڵ

گـەر هەموو پـەرداخـی ژینم، هـەروەهـا پڕ بێ لە ژار
ناگرم دەستم لە ئەژنۆ، قەت بە خۆم نالێم: «هـەژار»

هەروەکوو «بێکەس» ئەگەر چی دەردەدارو بێ کەسم
من کەسم کـوردە، بە کـەس نالێم هـەژارو بێ کەسم

شیعری خاوێنم دەوێ خوێنی، دڵ و زاری نەبێ
ڕەنگی فرمێسکی دەروون و بۆنی خەمباری نەبێ

(2)

تا پــەری شیعرم نــەدی، هەرساتە بیریێ وام هەبوو
داخەکەم چاوی پەریش، غەیری خەوی تێدا نەبوو

بـۆ گوڵی شــادی گــەڕام مـــاوەی، هەتا بـیدۆزمـەوە
تــاکــوو بــەرگــی بــووکــی شـیـعـری پــێ بـڕازێـنـمـەوە

شـــار و کـوێـسـتـانـی کـــوردەواریـــم گـرتـە بـەر
پێکەنینێکم نــەدی هــەرگـیـز، لـە دڵ هاتبێتە دەر

بۆ نەگریم من، کە پــەروەردەی هــەوای شاری خەمم؟
چی بنووسم، غەیری ئەو فرمێسکە، چی بێ بەرهەمم؟

کـــوردەواری هــەر بــەشــی زوخـــا و دەرد و زللەتە
تاکوو داهاتووی بە چی بێ، زەحمەتی ئەم میللەتە

لێم بـبـورن ئــەی هـــەژار و بێکەس و هێمن، ئەمن
ئێستە ئەیزانم، کە ئێوە بۆچی ئــالــوودەی خەمن

ئـەو خەمانەی نـەم دەناسین وا ئەسیری کــردووم
چی بڵێم؟ چۆنی بڵێم؟ چەشنێ کە پیری کــردووم

***

# ئامانجی قەڵەم

ئامانجی وایە، پێنووسی دەستم
وەهایە هیوای، شیعر و هەڵبەستم

تاقەی مرواری هەر چەندە جوانە
بووکی بە نرخی نێو گەوهەرانە

بەڵام ئەو کاتەی، کۆ بکرێتەوە
لە سەر شریتێ بهۆنرێتەوە

ئەو ساتە جوانە و جوانتر دەنوێنێ
تاکوو بە تەنیا لە لای بمێنێ

***

زمانی کوردیش، ئەو گەوهەرەیە
کە دیاری بەرزی، مێژووی ئێمەیە

وشەی جوان جوانی نێو کوردەواری
جوانتر لە زێڕ لەعل و مرواری

کاتێ بە شێوەی جوانێ، هۆنراوە
کرایە بەستە و شیعر و هۆنراوە

چاکتر دەنوێنێ و هەر لەبەر چاوە
هەرگیز ون نابێ و ناخرێتە لاوە

ئامانجی وایە پێنووسی دەستم
وەهایە هیوای شیعر و هەڵبەستم

# بۆ گۆران

بە ئاواتم چەپکە شیعرێ هەڵبەستم
بۆ گۆرانی شاعیری جوانپەرستم

تێ دەکۆشم بە هێزی بیر و هەستم
وشەی نییە کە، دەربڕێ مەبەستم

پێنووسەکەم، ئەی قەڵەمی سەربەستم
دەخیلی تۆم، بۆ جارێ بگرە دەستم

هەر چەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم[1]

***

1 – تاقە شیعری ئاخیری هیی مامۆستا گۆرانە.

# کۆچ

ئاوایی لە شان چۆم و باخەوە
پاڵی داوەتە سینگی شاخەوە

عومرێکە نێوان لەشی کۆرپەی دێ
خوێنی ژین گەرمە و دڵی خورپەی دێ

باڵندەی ڕەنگین، کۆتری نەخشین
بە دەوری دێ دا ئەگەڕێ چین چین

تاوێ لە باخان، تاوێ لە سەر دێ
هەر یەکێ نەغمەیێ لە ناخی دەردێ

***

ئەو دەشتە سەوزە، ئەو دێیە جوانە
ئەو هەموو دار و باخ و بێستانە

دەستی سیاسەت، ئاوڕێ دێنێ
یەك لە شوێن یەکا، ئەیانسوتێنێ

دێ ئەسوتێت و خەڵکی، کۆچ ئەدرێن
کۆچی دڵتەزێن، بۆ دەشتی گەرمێن

بە وێنەی شەمێ، کە توابێتەوە
پەپوولەی تەنیایی، لا مابێتەوە،

ئەو کۆترانەی، بە ئاسمانەوە،
لە دەوری دێدا ئەسوڕانەوە،

بە ئاهەنگی خەم، تاکوو خۆراوا
ئەگەڕێن بەسەر، دەشتی سوتاوا

تا وردە وردە دڵنیا ئەبن
دێ بە جێ دێڵن ئەوانیش دەچن

***

گەرمەسێر، ئەگەر بەهەشتی ڕوون بێ
باخی گەوهەر و دەشتی ئاڵتون بێ

ئێستاش، هەروەها کوردی کۆچدراو
باڵندەی کزی، لە هێلانبڕاو

مشتێ لەو خاک و بەردە سوتاوە،
خاکی ئەو دەشتەی، تێدا ژیاوە،

بە سەرتاسەری گەرمێنی نادا
نایگۆڕێتەوە، لەگەڵ دنیادا

ئاخر بە خوێنی، ئاوی پێ دابوون
باووباپیری، لەوێ ژیا بوون

***

گەرمەسێر ئەگەر بەهەشتی ڕوون بێ
باخی گەوهەر و دەشتی ئاڵتوون بێ

هەموویان ئەدا، تەنیا هەناسەی
بە یادی وڵات، بشکێنێ تاسەی

# ڕووبار

قـەڵـبـەزەی بــەرزی کوێستان[1]
ئـــەڕژێـــتـــە نـێـو دارســــتـــان

بـــەفــــراوی کــێــوان دێـنـێ
ڕووبــــــاری پــێــك ئـەهـێـنـێ

ڕووبــــــار ئـــەکـــەوێــتـــە ڕێ
دارســــتــــان دێــڵـــێــتـــە جـێ

ئـــاوایـــیـــەك لــــەو قـــەراخـــا
لــــە نـــێـــوان دارو بـــاخـــا

بـــەرامـــبـــەر بـــە خــــــۆراوا
ئـــەڕوانـــێـــتـــە ســـــەر ئــــاوا

ڕووبــــار ئــــەڕوا بـــە بـــەر دێ دا
خـــــوڕەی جـوانـــی دێـتــە گـــوێ دا

هـــاویـــنــــان خــــۆر داخ ئـــەبـێ
گــــەرمــــە نـــیــــوەڕۆی نـــاو دێ

مندالان دێنە سەر ئاو
بۆ مەلە یا ماسیی ڕاو

زۆریان تێدا هەژارە
چاوی لە دەست ڕووبارە

بۆ پێخۆر ماڵێ داماو
کاری بووەتە ماسیی ڕاو

نیوەڕۆیە و ناو دێ چۆڵ
کوڕی شوان گورج و گۆڵ

ڕێ دەکەوێ بۆ ڕووبار
سک برسی و شڕە بار

بە هیوای قولاپ و تۆڕ
ماسی بگرێ بۆ پێ خۆر

دێت و ئەگاتە سەر ئاو
دەست ئەکاتە ماسیی ڕاو

ڕووبار ئەڕوا بەبەر دێ دا
خوڕەی جوانی دێتە گوێ دا

ماوەیە زۆری ئەدا سەر
ماسی یەک دێنێتە دەر

ماسی کۆرپە و وردە زۆر
بەکار نایە بۆ پێخۆر

سینگی سپی، خوێناوی،
پەلە قاژەی تاو تاوی...

تێ دەکۆشێ جاروبار
خۆی بخاتە ڕووبار

پێستی جوانی برژاوە
زیخی پێوە تلاوە

زیخی داخی نیوەڕۆ
دڵ ماسی دێنێتە سۆ...

کاتێ قولاپی خوێنین
ئەخرێتە نێو ئاوی شین

دڵی ئەو ماسییە کۆرپە
ڕاوەستابوو لە خورپە

ڕووبار ئەڕوا بە بەر دێ دا
خوڕەی جوانی دێتە گوێ دا

ئەی ماسیی وێڵی هەژار
بۆ دەگەڕای لە ڕووبار؟

ئـاخـۆ تــۆش لــە ڕێــی ســەفــەر
بــۆ پـێـخـۆر بـــووی دەربـــــەدەر؟

ئــێــوەش لـــە نـێـو مـاسـیـیـان
بـــۆ پـــــارە و پـــێــخـــۆر ژیـــان

هـــــــەژارەکــــــان ئــەمــرێــنـــن؟
خــوێـنــی یــەکــتر ئــەڕژێــنـــن؟

ڕووبـــــار ئـــــەڕوا بــە بــەر دێ دا
خـــــوڕەی جـوانــی دێـتـە گــوێ دا

1 – قەڵبەزە: تاڤگە،

# تەنیا

خانووی سەردم کشومات
بۆنی بێدەنگی ئەدات

لە شوێنی بیری ڕێبوار
چاوم بڕیوە دیوار

جارێ هەتا ماوەی دێر
گوێ دەگرم بۆ کاتژمێر

هاتوچۆی عەقرەبەکان
وەك ڕێبوارانی زەمان

یەکێ گورج و یەك هێمن
ڕێگای عومرم دەپێون

بە ناوە دڵ ئەمەوێ
بەڵکوو دەردێ بسرەوێ

پەنا بەمە پێنووسم
بیرەکانم بنووسم

من کێم و لە کوێم و چیم؟
تاکەی و بۆ چی دەژیم...

جارێ قاقای پێکەنین
بە دنیا و ئینسان و ژین

جارێکیش بوغزی گریان
بۆ ماوەی خۆخەڵەتان

خەمبار و بێ دەنگ و باس
خەیاڵاوی و کەساس

هیچ ئاهەنگێ نایێتە گوێ
بەحری بێدەنگی بشکێ

خانووی سەردم کشومات
بۆنی تەنیایی ئەدات

# ژار

لە داخی مەینەتیی دەوران دڵم پڕ ئاورە ساقی
لە ژاری تاڵی ژین دیسان پیاڵەی دڵ پڕە ساقی

وەرە ئەمشەو، وەکوو هەر شەوە وەرە ساقی دڵم خوێنە
هەتاکوو دێتە چاوم خەو، حەرامە شەربەتان بێنە

دڵم زووخاوی لێ دەڕژێ، دەسا هەستە بکە مەستم
شەرابی کۆن لە جامی نوێ، بە خوڕ تێکە بدە دەستم

کە وا کونکون بووە جەرگم، لە جەوری ماتەمی دنیا
هەتاکوو سەردەمی مەرگم، وەرە هەر تۆم دەوێ تەنیا

هەناسەی سەردی پرداخم دەمێکە گرتوویە ناخم
شەرابی تۆیە دەیشۆرێ، پەژارەی ژینی پڕ ئاخم

# دێ

شەوگاری بەهار دەرچوو لە نیوە
تاریکی ئەڕوات بەرەو کازیوە

ئاوایی تاریك ورشەی چرایێ
لە نێو پەنجەرەی هیچ ماڵێ نایێ

دێ دەرکی لە ڕووی، ڕۆژ داخستوە
لە بەرگی شەودا، جوان جوان نوستوە

منداڵێ ساوا دەگری جارجار
ئەشکێنێ دەریای، بێدەنگیی شەوگار

دایکێ سەر لە بان لانکی کۆرپەوە
سەردەمێکە خەو، بردوویەتەوە

ئەو ساتە گوڵی شەو دەتوێتەوە،
سەرگۆنای ئاسۆ، سەر ئەبێتەوە،

کەڵەشێری دێ و لەو سەربانانە
مزگێنی ئەدا، هەستن بەیانە

شنەی بەربەیان یەك لە شوێن یەکا
ماڵانی نوستوو، باوەشێن ئەکا

هەتاو لای ئەبا دیسان بە سپایی
پەردەی شەو لەسەر، بووکی ئاوایی

ماڵان بەردەچن، ئاوایی ساکار
گرتوویە باوەش، باپیری کۆسار

ماویانە خەڵکی، ماندوویی دوێنێ
گزنگی هەتاو، هەڵیان دەستێنێ

ژنێ گورج و گۆڵ ئەڕوا بۆ کانی
بە نەزمی جوانی لەرزانەکانی

ژنێ لە کانی ماندوو دێتەوە
سەری ناوەتە سنگی گۆزەوە

دوکەڵ لە سەربان ئەڕوا بەرەو ژوور
سوور ئەبێتەوە، سەرگۆنای تەنور

تەندووری ماڵان، نانی گەرم و جوان
دەکات بە تۆشوی، باخەوان و شوان

مریشکێ سپی، جوجەڵە لە شوێن
بە جێ دەهێڵێ، تاریکی کولێن

پێش ئەوەی، کە خۆر بدا لەناو دێ
ڕانی ئاوایی، دەکەوێتە ڕێ

نیوەی ناوە دڵ لە دێ دەرئەچێ
بەرخ و کارژێلەی، هێشتوەتە جێ

مراوی لەسەر چیمەنی جۆبار
دەشکێنێ شەقڵی شەونمی بەهار

ئاسمانی شین و کۆچی هەورەکان
پرشنگی خۆر و دەشتی سەوز و جوان

هاتوچۆی ئاسکی بزیوی سەر کۆ
شنەی شەماڵ و لەرەی لەق و پۆ

جریوەی بولبول، خوڕەی جۆباران،
شمشاڵی شوان و بەستەی دڵداران،

مۆسیقای جوانی ژینی دێهاتن
دیمەنی ڕەنگین، خاکی وڵاتن

ژینی ڕۆژێکی ئەو دێیە لە لای من
ئەژی بە شاری دوکەڵ و ئاسن....

*کازیوە: تاریک و لیڵی بەربەیان.

# بگری

دایــه گیان بگری لە ســەر خاکم کـەوا شینم دەوێ
زۆر بگریە دایــە گیان فرمێسکی خوێنینم دەوێ

مـن گوڵی ســەد ئـــارەزووی ژینم لـە خاکا خەوتوە
خاکی مەیدانی خەبات ڕەنگینی خوێنینی من بوە

دامـەنـیـشـە دایـــە گـیـان بـۆ هـاتـنـی مـن چـــاوەڕێ
دڵنیا بـە، بەسیەتی، بۆ دەنگی دەرگـــا مەگرە گوێ

دایە گیان سوێندم بە فرمێسکی گەش و ئێشی دڵت
دایە گیان سوێندم بە جەور و مەینەتیی بێ حاسڵت

من دەمێکە جەرگی سوتاندووم هەناسەی سەردی گەل
دڵپڕی کـردووم خەمی دەسکورتی و ڕەنگ زەردی گەل

من کـوڕی کـوردی شەهیدی ڕێی خەباتم دایـە گیان
کـۆتـری خوێنین پــەڕی بـاخـی وڵاتــم دایـــە گیان

هــەروەکـــوو بێگانەیی دڵ پـڕ لــە نـاکـامـی و گرێ
لەم هەموو دەستە، نەبوو دەستێ، کەبێ و دەستم بگرێ

من لە شــاری خۆم غەریب و بۆ هەموو بێگانە خۆم
کـۆتـری کـــوژراوی ڕێـگـای لانــە خـــۆم، بــێ لانـــە خۆم

دایــە گیان بگری لــەســەر خاکم کــەوا شینم دەویَ
زۆر بگریە دایــە گیان فرمێسکی خوێنینم دەویَ

دایــە گیان ئەو کیژە وا ئەتویس بە بووکی تۆ ببێت
خـۆت بـدە پیشانی جـاریَ با بە هیوای من نەبێت

تاکوو بتبینیَ، کە ڕەش پۆشی لە ســەر تا پاتەوە
بـەڵـکـوو بــڕوا دڵـنـیـا بــیَ و مــن لــە بــیــرەو بــاتــەوە

دایــە گیان بگری لە ســەر خاکم کــەوا شینم دەویَ
زۆر بگریە دایــە گیان فرمێسکی خوێنینم دەویَ

*ئەتویس: کورت کراوەی ئەتویست.

# فەلسەفەی گەردون

هاکا ئەم چەرخەش، هەڵگەڕایەوە
ئیتر نەگەڕا و نەسوڕایەوە

کیژێ خاوەنی ژینی دونیایە
ڕیزێ مرواری لە گەردندایە

کیژێ، کە تینی ئەوینی وایە
ژیان و مردن لە دەستی دایە

مرواری لەسەر سینگی ڕازاون
بەهێزی جەزبەی عشقی وەستاون

ئەویش وەك هەموو ڕۆژێ پیر ئەبێ
بە تیری مردن، داوێنگیر ئەبێ

بەڵێ ئەمرێت و ئەکوژێتەوە
ملوانکەی ملی ئەبچڕێتەوە

نۆ مرواری جوان یەك لە شوێن یەکتر
ژینی ئەوانیش ئەکاتە ئاخر

**شینی مردنی ئەو کیژە وایە**
**کە لە شوێنی دا ئاخر دنیایە**
**بناغەی گەردون وا دەشکێتەوە**
**ئیتر ناگەڕێ و ناسوڕێتەوە**

*مەبەست: لە تەواو بونی هێزی خۆر و تیک چونی (مەنزومەی شەمسی یە)

# هەڵاڵە

دەوڵ و زوڕنـــایــە چەپڵەڕێزانە
بەزمی شـــادی و چۆپی کێشانە

بەرگی ڕەنگاوڕەنگ کیژی سەر بانان
دەکێشێ نیگای، لاوی کۆڵانان

ئاهەنگی زوڕنا و بەزمی هەڵپەڕکێ
دەنگ ئەداتەوە هەتا ئەو پەڕ دێ

لـە نـێـو کـیـژانـا تـەنـیـا هـەڵاڵـە
دڵــی خەمینە و لە سوچی ماڵە

ئـاخـر دیـــاری یـــاری بێوەفای
دەستەی چنورە، مـاوەتـەوە لای

یــادگــارێــکــە، یـــاری پـێــی داوە
ئێستا بێ ڕەنگە و بۆنی نەماوە

هەڵاڵە دەڕوا بۆ خەیاڵی دوور
ئەڕوانێ جارجار بۆ چەپکەی چنوور:

دەنگی زەمــاوەن ئەتۆم دێتە گوێ
کوانێ پەیمانت، کوانێ وا لە کوێ؟

قەولی ئەم ڕۆژی سەما و شادیە،
بــە منت دابــوو، لــە بیرت نییە؟

دڵم گوڵێ بوو، بۆچیت هەڵوەراند؟
بۆچی ئاوێنەی ئەوینت شکاند؟

کوانێ مەیلەکەی جاری جارانت
کــوانــێ هاتوچۆ و ئیشارەکانت

کوانێ ڕاوەستان، سەر ڕێگای کانی
کوانێ سێوی سوور، کوانێ گۆرانی؟

گیانی شیرینم دڵــت شکاندم
دڵــت شــکــانــدم، دڵــت شکاندم

جار جارێ فرمێسك لە چاوی سوورا
ئەبارێنە سەر چەپکەی چنوورا

ئاهەنگی زوڕنا و بەزمی هەڵپەڕکێ
دەنگ ئەداتەوە هەتا ئەو پەڕ دێ

هـەڵاڵـە هــەروا بـیـر ئـەکـاتـەوە
دەفـتـەری ژینی پـەڕ ئـەداتـەوە:

سوێندم بە سـۆزی دڵی ئەسیرم
تا ساتێ مـاوم هەر وای لە بیرم

ئەو ساتە لاشەم سەرد ئەبێتەوە
چـــرای ژیـــانــم ئـەکـوژێـتـەوە

ئاخرین قسەم، هـەر نـاوی تۆیە
هــەر چـاوەکـانـم، پـڕ ئـاوی تۆیە

دڵم گوڵێ بوو، بۆچیت هەڵوەراند؟
بۆچی ئاوێنەی ئەوینت شکاند

تۆ دەوڵەمەند و من کیژی نەدار
بە غەیری وەفا، چی هەیە هەژار

خونچەی دڵی خۆم هێنا و دام بە تۆ
بەڵام وتەی تۆ هەموویان درۆ....

جار جارێ فرمێسك لە چاوی سوورا
ئەبارێنە سەر چەپکەی چنوورا

دایکی له داخی کچ، بێ خەبەرە
بانگی لێ دەکـات، لەبەر پەنجەرە

هــەڵاڵــە وەرە، هــەڵاڵــە وەرە،
کیژە جوانەکەم تــاوێ هەڵپەڕە

دایکی نەیبینی فرمێسکی چاوی
زوڵفی شـێـواوی، دڵـی شکاوی

ئاهەنگی زوڕنا و بەزمی هەڵپەڕکێ
دەنگ ئەداتەوە هەتا ئەوپەڕ دێ

# هەنسك و فرمێسك

ژینی منداڵی، دنیای شیرینە
شیعری سەرەتای چیرۆکی ژینە

عومری منداڵیم چەن زوو
وەك نەسیمێ، هات و چوو

مەڵێ غەریب بوو ڕۆیشت
هەر یادێکی بە جێ هێشت

کەم کەم وریا بوومەوە
بیرم چاوی کردەوە

دنیایەکم بینی بێ تین
نەوەك منداڵی، شیرین

خەمی کاتی منداڵی
گرێ نەبوو لە پاڵی

کەی وەکوو خەمی ئێستا
ڕیشەی لە دڵ ئەوەستا

هەر خەمێك و فرمێسکێ
فرمێسکێك و هەنسکێ

تەمی دڵی ئەشۆرێ
دنیای تاڵی دەگۆڕێ

چ دەروون و چ لە ڕوو
دنیامان هەر ئەوە بوو

ژینی منداڵی، دنیای شیرینە
شیعری سەرەتای چیرۆکی ژینە

وریا بوومەوە کەم کەم
دەوری گرتم گەلێ خەم

کە هەوەڵ جارێ گریام
لە بۆ هەژارێ گریام

بۆ ئەو گریام و بۆ خۆم
کە ئاخۆ بۆ کوێ ئەڕۆم؟

وەك منداڵێ ون بووبێ
ئەم دەزانی وام لە کوێ

ئێستاش هەر چی دەڕوانم
خۆم بە وەیلان ئەزانم

سەرەنجی هەر لای ئەدەم
هیچ شتێ بە دی ناکەم

هەر چەن ئەو سەری ڕێگا
نایزانم بە کوێ دەگات،

پێم خۆشە جارێکی تر
تەنیا گوزارێکی تر

بگەرامایەوە لە نوێ
دیسان بۆ هەوەڵی ڕێ

بگام بەو دنیا جوانە
وەکوو ئەو منداڵانە

با خەمەکانم سووك بێ
بێ گرێ بێ و بچووك بێ

تاکوو تەنیا فرمێسکێ
هەناسەیەك و هەنسکێ

تەمی دڵم بشۆرێ
دنیای تاڵم بگۆڕێ

ژینی منداڵی دنیای شیرینە
شیعری سەرەتای، چیرۆکی ژینە

# لانەی بایەقووش

(1)

نیوە شەوێکی سارد و دڵتەنگە
خەڵکی خەوتوون دنیا بێدەنگە

شار پەردەی ڕەشی کێشاوەتە سەر
مانگی شەوان پێو، لە کێو هاتە دەر

بایەقوشێ پیر، دێت و جارجارێك
دەخوێنێ لەسەر کۆنە دیوارێك

لە وێرانەیەکی چۆڵ و بێدەنگا
لە نێو ماڵێکی، سارد و دڵتەنگا

خەوتووە خەمین کچێکی هەتیو
هەتیوێ خۆشی لە دنیا نەدیو

دایکی بەینێکە دوورە لە دنیا
ئەو کچە ماوە لەوێدا تەنیا

منداڵی بچووك لە نێو بەرگی خەو
ئەدا لە گۆنای شەوقی مانگەشەو

بەڵام خەوی چی، هەتاکوو بەیان
وتوویێژ دەکات، لەگەڵ ئەستێران

لەوان دەپرسێ، دایکی وا لە کوێ
بۆچی بە تەنیا، هێشتوویەتە جێ

ساتێ فرمێسکی لێ جیا نابێ
ئاخر منداڵە و دڵنیا نابێ

گوێ بدە ساتێ، بەسەرهاتی ئەو
لەگەڵ ئەستێران، چی دەگوت ئەو شەو

### (2)

ئەی مانگی جوان ئەی، ئەی ئەستێرەکان
ئێوە دەبینن لە نێو ئاسمان

باخی بەهەشتی خودا لە کوێدا؟
ئەڵێن دایکی من وا لەئەوێدا

ئەی مانگ، تۆ دایکی ئەستێرەکانی
تو خودا پێم بڵێ ئەگەر دەزانی،

ئەستێرەکانت کۆ بوونەوە
وان لەگەڵ خۆتا چەشنێ هەر شەوە

پێم بڵێ دایکی، من کەی دێتەوە
منیش ئەستێرەم، مانگی من ئەوە

ئەی ئەستێرەی خۆم گوێ بگرە ساتێ
بە دایکم بڵێ دەیبینی کاتێ:

دایکی خۆشەویست، بینایی چاوم
هێزی ژیانم، تەنیا هەتاوم

بۆچی ڕۆیشتی لەگەڵ نەتبردم؟
تەنیا لەم دنیا وەیلانت کردم

هەتا دێتەوە هەر چاوەڕێتم
بە هیوای بیستن ئاهەنگی پێتم

ئەی ئەستێرەی خۆم گوێ بگرە ساتێ
بە دایکم بڵێ دەیبینی کاتێ

زۆر بە ئاواتم کاتێ هاتەوە
لەسەر داوێنی خەو بمباتەوە

ئەگەر وەك و مەل دوو باڵم هەبوو
لە نێو دنیادا ئەمکرد هاتوچۆ

دەگەڕام هەموو کێو دەرودەشت
هەتاکوو دەگام بە باخی بەهەشت

بەڵکوو لەوێدا جارێ بت بینم
ئەتۆش ببینی گریان و شینم

بەڵام باسی من زۆر بێ وەفایە
ئاخر کەی هەتیو ئەستێرەی هەیە

دەردی دڵی خۆم من دەڵێم بەکێ؟
هەتیو چی هەیە تا ئەستێرەی بێ

(3)

نەختێ دەگوزەرێ خەو دێتە چاوی
باسی دەمێنێ بە ناتەواوی

تاکوو دەخەوێ لە نیوەی شەودا،
دایکی دەبینێ، لە نیوەی خەودا

دەپارێتەوە لە گەڵ خۆی بیبا
نەڕوات و دیسان، نەیهێڵێ تەنیا

دایکی دەکێشێ لە سەری، دەستێ
ئەڵێ: نەبوونە، پاشی هەر هەستێ

کچم جێگای من جێگەی دنیایە
دایکت وەکوو تۆ لەوێ تەنیایە

ڕۆڵە ماڵی من تاریکی و ساردە
جێگاکەم خاکە، سەرینم بەردە

بە دایکی دەڵێ، کچ بە چاوی سوور
لە قرچەو سۆزی دڵ وەکوو تەنوور

نامەوێ بێ تۆ، ڕووناکی دنیا
هەر خۆتم دەوێ، وای لە هەر کوێدا

دیسان بۆ دڵم دەشکێنیتەوە
گەر نام بەی لەگەڵت، بۆ هاتیتەوە؟

دایکی بە دڵێ پڕ ئێش و خەمناک
تک تک فرمێسکی دەتکێتە سەر خاک

ئەڵێ کچەکەم: شەوێکی ساردە
سەرماش سەرەتای نەخۆشی و دەردە

تۆش لە جێگاکەت کەوتبوویتە دەر
هاتوم بیکێشم پۆشینت لە سەر

زستانی بێ نەوا، نابەتەوە لە هۆش
تاکوو لە سەرما نەکەوی ناخۆش

کێ لە ناخۆشیی شەوان یارت بێ؟
کێ لە جێگای خۆم پەرەستارت بێ؟

وەڵامی ئەدا بەم چەشنە و ئەڕوا
ئیتر هاواری کچی پێ ناگات...

**(4)**

سبەینێ کاتێ خۆر دای لەسەر کێو
لە شووشەی شکاو، شەوقی دایە نێو

دای لە سەر جێگا و لاشەی ساردی کچ،
رووناکی دەکرد، گۆنای زەردی کچ،

بایەقوش نەختێ، چڵی بردبوو
لەو ماڵە چۆڵە لانەی گرتبوو

ئاخر چۆن بڵێم؟ ئەو کچە مردبوو
بایەقوش دەیکوت: دیقی کردبوو

# وێنه

گەڵارێزان هاتووە
ناخی باخی گرتووە

گەڵای زۆری وەریون
سینگی باخی پۆشیون

تاوناتاوی شنەی با
بە ئەسپایی دەیان با

خۆری بێتینی سەر دێ
وەك ڕێبواری ماندوو بێ

وردەوردە دێتە خوار
ئەنیشێتە سەر کۆسار

دیسان بە لوتکەی کێوا
ڕێ دەکەوێ بەو دیوا

باخەوان کز و تەنیا
لە سەر ئاوی کانیا

دەستی پیر و لەرزۆکی
داناوەتە سەر چۆکی

بە شوێن بیری پڕ داخا
چاوی دەکشێتە باخا

دارێکی وشک و مردوو
لانەی مەلی کۆچ کردوو

نە سەوزایی نە سێبەر
نە ئاهەنگی پەلەوەر......

لە بیری نایە هەرگیز
گەڵاڕێزانی پاییز

وا دڵ پڕی کردبێ
ناخی گیانی گرتبێ

جارێ سەری دائەخا
سەرنجی کانی ئەدا

ئاوێنەی ڕووناکیی ئاو
وێنەی دێنێتە بەر چاو

وێنەی پیر و زەردی خەم
پڕ چین و خەتی ماتەم

وێنەیەکی پەژارە دیو
وێنەی گوڵێ هەڵوەریو...

فرمێسکی ژینی تاڵی
دێنێتەوە خەیاڵی

ئەو سا بەهارێ بێ تین
ئێستا پاییزی خەمین...

گەڵارێزانیش ئەڕوات
هاکا بەهارێ تر هات

تەنیا ژینی من وایە،
ئیتر بەهاری نایە

کەم کەم فرمێسکی ئەتکێ
ئاوێنەی کانی دەشکێ

لە چوڵی باخا جارجار
گەڵای زەردێ دێتە خوار

لەگەڵ ئاوی کانیا
ڕێ دەکەوێ دڵنیا

باخەوان سەر دائەخا
سەرنجی وێنەی بدا

ئاوی کانی شێواوە
وێنەی تێدا نەماوە...

لە چوڵی باخا جارجار
گەڵای زەردێ دێتە خوار

# پەپوولەی خەیاڵ

پەپوولەی خەیاڵ سەرمەست و هێمن
دەپێوێ سینگی ئاسمانێ بێ بن

دەفتەری ژینم پەڕ ئەداتەوە
لاپەڕەی لاویم، بیر ئەخاتەوە

ئەم هۆنراوانە، تۆم دێنێتە بیر
پێکەنینێ تاڵ دەباتەوە لە بیر

لە خاکی لاشەم، بەیانێ بەهار
گوڵاڵەسوورەیەکی ئاورین ڕوخسار

بە جوانیی گۆنات سەر دەرئەهێنێ
لە سەر مەزارم دێ خۆی بنوێنێ

ئەتۆش کە هاتووی لە بۆ گوڵ چنین
جوان ڕادەبووری دەم بە پێکەنین،

ئەو گوڵاڵەسوورە، دەچێنێ لە ڕێت
ئاخۆ دەیزانی، بۆنی کێی لێ دێت؟

ئەڵێ: چەن جوانە چەن ڕەنگی گەشە
داخەکەم داخۆم بۆچ دڵی ڕەشە؟

بەڵێ ئەو ساتە بزانە، گوڵم
گوڵی بەهەشتی، ئاواتی دڵم

ئەو گوڵە، خاکی دڵداری خۆتە
ئێستاش بە هیوای ڕوخساری خۆتە

بۆیە بەو چەشنە گەش و خۆش ڕەنگە
بۆیە ئەوەندە مات و دڵتەنگە

بۆیە وەستاوە دڵتەنگ لەسەر ڕێت
دڵی داخورپێ، دیسان لەبەر پێت

گیانە لەو گوڵەی چیت دێتە بەر چاو؟
لەو گوڵاڵەسووره، گوڵی دڵ سوتاو

جوانی هەڵ بگرە هەر چی خۆت گوڵی
خۆشبۆتر لە بۆن، باس و سونبوڵێ

خاکی دڵدارە ئەی هێنیتەوە
زامی دڵەکەی نەکولێنیتەوە

ئــــەم هــــۆنــــراوانــــە، تــــۆم دێــنــێــتــە بیر
پــێــکــەنــیــنــێ تــــاڵ دەتــــبــــاتــــەوە لــــە بیر

پــەپــوولــەی خــەیــاڵ ئــــەڕوا لــەســــەر خۆ
لــە شــوێــن بــیــری تــر ئــاســۆ بــە ئــاسۆ

هــەتــاکــوو خــــەو دێ، بــیــرم ئــەمــرێــنــێ
پــــەپــــوولــــەی خــــەیــــاڵ هــــەڵــدەوەرێــــنــــێ

# بادە

ساقی گوزەرا شەو بە فیداتم وەرە دێرە
دڵ تەنگە، درەنگە، ورە سا بادە بگێرە

تا تۆ بی و مەی بێ من و دڵ لێرە خەمۆشین
هەر دوو بە تەماتین، وەرە مەی لێرە بنۆشین

تینویە دەمێکە چەمەنی باخی ئەوینم
ئەم باخە بدێرە وەرە مەی بێنە سەرینم

ویستوومە کە تەنیا بم و لەم سوچە بمێنم
دیسانەوە ئەم باری خەمە کەوتوە شوێنم

دەستی خەمەکەم بگرە لە مەیخانە بەدەر کە
ڕێگای مەدە ئێرە وەرە لەو مەستە حەزەر کە

نا نا لێ گەڕێ تاکوو بمێنێتەوە گیانە
ئەم کۆترە وەیلانە دڵی گرتوە لانە

بۆ مەی نییە، ساقی، کە پەنا دێنمە ئێرە
هەر کەس بە شەرابێ خەمی جانانەی تێرە

من هەمدەمی بادەم، کە خەمی سینە بە با دەم
دەستم گرە گیانە ورە بسپێرە بە بادەم

ساقی گوزەرا شەو بە فیداتم وەرە دێرە
دڵ تەنگە درەنگە وەرە سا بادە بگێڕە

# خێراب

لەسەردەمی بـەهـارێ، شەرابی دەسـت یارێ
کە قەترە قەترە مەستی، بەسەر دڵا ببارێ

هەر چەندە نەختێ تاڵە، شادی هێنەر ئاوێکە
خێڕابە نـەك شـەرابـە، چ وەرگـێـڕاو ناوێکە

ئـەوەی کەتینی گیانە، دەوامـی خەمی دڵانە
سوێندم بە دەستی ساقی، حەرامە شەربەتانە

ساقی سا بگرە دەستم، دەرکی مەیخانە کامە؟
پێکەوە جامێ پڕ بکەین، با هەر بڵێین حەرامە.

# زرێبار

لە پەڕ شاری مەریوان
دوو چین کێوی سەوز و جوان

ڕاوەستاون بەرانبەر
بەرز و دارستان لەسەر

لە داوێن ئەو کێوانا
لە ژێر تاقی ئاسمانا

گومێکی جوان وەستاوە
کە (زرێبار)ی ناوە

کێوان سەوز و دڵنشین
ئاسمان و ئاو هەردوو شین

زرێبار و بەهاری
بەهەشتی کوردەواری..

لە نێو دارستان قەراخ[1]
باڵندەکان شاخ بە شاخ

کۆ دەبن و یەك دە گرن
ئاسمانی سەر ئاو دەبڕن

لە ژێر تیشکی هەتاوا
لە سەر ئاوێنەی ئاوا

وێنەی خۆیان دەبینن
مەست دەبن و ئەخوێنن

زرێبارو بەهاری
بەهەشتی کوردەواری

شنەی بەیانی بەهار
ئەدا لە سەر زرێبار

کاتێ کە بووکی هەتاو
تیشکی ئەخاتە سەر ئاو

وێنەی کراسی کیژی کورد
کە شەماڵ لێ دا ورد ورد،

شەپۆلی جوان و زێڕین
دەڕژێنە سەر ئاوی شین

بەرەوە چیمەن و گوڵزار
ڕێ دەکەون بۆ لێوار

بەرانبەر بووکی هەتاو
کیژی زێڕینی ڕازاو

لەو کاتی بەر بەیانە
شادی و سەمایانە

ئەڵێن شەپۆلی قەراخ
دەنگیان ئەڕوا شاخ بە شاخ:

زرێبار و بەهاری
بەهەشتی کوردەواری

*قەراخ: کەنار

# خوداتان لەگەڵ...

کەوتوەتە بـەرم ڕێگای غەریبی
گەلی ڕەفیقان خـوداتـان لەگەڵ

هەر کەس ڕێگای، بوەتە نەسیبی
گەلی ڕەفیقان خـوداتـان لەگەڵ

کـۆتـرانـی زۆر لـە شوێنی دانـە
هێشتوویانە جێ کونجی هێلانە

زۆر کەس ڕۆیشت پاشان بێتەوە
بـەڵام نەیدی کـەس، بگەڕێتەوە

کێ چاك دەزانێ چی دەکات گەردوون
یەکێ سەرکەوتوو، یەکێ سەر نگون

دڵـی گرتووم خـەم وەکـوو دوکـەڵ
گەلی ڕەفیقان خـوداتـان لەگەڵ

*زرێبار: گۆمێکی گەورەیە نزیک شاری مەریوان

# ملوانەکەی شین

**(1)**

نـیـوەڕۆی گەرمی ڕۆژێکی بەهار
لـە ژێـر هـەتـاوی ڕێـگـای زرێبار

مندالّی ملکز، چۆخە و ڕانك شڕ
ڕێگا دەپـێـوێ، پەشێو و دڵ پڕ

بێوچان ئەڕوا و[1]، هەنگاو هەڵ دەگرێ
بە گوێ چۆخەکەی، ئارەقی ئەسڕێ

نەختێ نانە ڕەق، لە توێ جامانە
بوونەتە تۆشوی، ئەو بەستەزمانە

بۆ تێکۆشانی ڕۆژێ ماسیی ڕاو
نەختێ شریت وتـۆڕێ پورتو کاو

لەگەڵ قولاپی کـۆن و ژەنگهێناو
هێناویە ئەمڕۆش بیانخاتە ئاو

ئەڕوات و جارجار لە چۆڵی ڕێ دا
ئەزرنگێتەوە دەنگێ لە گوێی دا:

هیوا خێراکە، خوا نەت هێنی تۆ
حەو ڕۆژە ئەڕۆی، دەس خاڵی دێیتۆ [2]

ئەم جار بێ ماسی، نەیتەوە بۆ شار
ئەرە بۆت نەگیرا، خۆت خە زرێبار

ئـــەڕوات و لە نێو دڕکــوداڵـــی ڕێ
کڵاش کۆنی تاوتاو، ئەکنرێ لە پێ

بێوچان ئەڕواو هەنگاو هەڵ دەگرێ
بە گوێ چۆخەکەی، ئاڕەقی دەسڕێ

جـــارێ بـــۆ لاڕێ، ورد ئەبێتەوە
ملوانکەیەکی شین ئەدۆزێتەوە

بە چاکی چۆخەی، خاکی لا ئەبا
ئـەڕوات و جارجار سەرنجی ئەدا

بێوچان ئەڕوا و هەنگاو هەڵ دەگرێ
بە گوێ چۆخەکەی ئارەقی دەسڕێ

**(2)**

کــاتــێ ئــەگــاتــە ئـــاوی زرێــبــار
دێتە گوێ، دەنگی، شەپۆل و لێوار

دوو فرمێسکی داخ، دێنە گۆی چاوی
سووکی ئەشورێن، گۆنای سوتاوی

ئـەڵـێ: زرێـبـار، چـەن پاڕێمەوە
لــەم لــێــوارانــەت بــســوڕێــمــەوە

حەو ڕۆژ ئەم تـۆڕەم هێنا و بردم
ماسیت پێ نەدام مەیۆست کردم

باوەژنیشم گـوتـوویـە ئـەم جار
ئەو ماسییەت نەگرت خۆخە زرێبار

بەڵکوو نەختێ زوو بگەڕێمەوە
ملوانکەی شینم دۆزیـوەتـەوە

دەیـبـەمـەوە بـۆ، خوشکم ئێوارە
ئاخر نێو هاوماڵ، سەری لە خوارە

زرێبار من و خوشکم، هەژارین
دایـکـمان نـەمـاوە، بـاوەژن دارین

خوشکم هەر خەریك فرمانە بۆ ئەو
وچانی نییە بەیان تاکوو شەو

هەر چی دەیبینم، چاوی پڕ ئاوە
لەبەر سەرماوە، دەستی تەزاوە
شەوان کە ماندوو، دێنەوە بۆ ماڵ
کارمان گریانە و بیستن قسەی تاڵ

بەیان ناهێڵێ خۆر سەر دەربێنێ،
هەر یەکمان بەرەو، شوێنێ ئەنێرێ

خوشکی هەژارم، دەس ئەکا بەکار
منیش بۆ ماسی، دێم بۆ زرێبار

خێراکە توخوا با بگەڕێمەوە
با ئەم ملوانکەی زوو بۆ بەمەوە

گیرفانم کۆنە، نەك وا داکەوێ
یا لە دەستم بێ، هەتاکوو شەوێ

(3)

ئەمڕۆش بە وێنەی ڕۆژانی پێشوو
دێـت و شریـتـی، ئەخا هاتوچۆ

هەتا ڕۆژ ئەگات، داوێن خۆر ئاوا
سێبەری کێوان دێنە سـەر ئاوا

هیوا هەر پەنجەی لێ هەڵپێکاوە
چـاوەڕێ تـۆر و دەریـا وەستاوە

**(4)**

تاریکی شەو هات ڕەنگ ئاوی گۆڕی
هێشتا ماسییەك نەکەوتوە تۆڕی

وتـــەی بـــــاوەژن، لــەو نیوە شــەوە
هەروەها لە گوێی، دەنگ ئەداتەوە

هیوا خێراکە خــوا نەتهێنێ تۆ
حەو ڕۆژە ئەڕۆی دەس خاڵی دێیتۆ

ئەم جار بێ ماسی نەیتەوە بۆ شار
ئەرە بۆت نەگیرا، خۆت خە زرێبار

زرێبار تاریك، شەو سارد و دڵتەنگ
هیوا کشومات وەستاوە بێدەنگ

وتـــەی بـــــاوەژن لــەو نـیـوە شــەوە
هەروەها لە گوێی، دەنگ ئەداتەوە

## (5)

بـــەیـــان زرێـــبـــار تـــەمـــی گرتبوو
بـــاران دوێنی شـــەو لێڵی کردبوو

پەڵەی هەوری ڕەش بە ئاسمانەوە
لە ســـەر ئـــاوی لێڵ ئەسوڕانەوە

کاتێ چەخماخە، لێ ئەدا تاو تاو
لاشەی منداڵی، کەوتبووە سەر ئاو

ملوانکەیەکی شین لە نێو دەسیانە
بـــۆ کێو ئـــەڕوانـــێ، ئەڵی وریایە

نێو ئەو شەپۆلەی، دەور و بەریایە
دوو بەچکە ماسی، کەوتبوونە کایە

کاتێ کە نم نم بـــاران هاتە خوار
ئەڕژا سەر سینگی ساردی زرێبار

سوکێ کەوتە ڕێ، شەپۆلێ خەمبار
تا لاشـــەی هیوای، هێنا بۆ لێوار

ملوانکەیش هەر وا لە چنگیا مابوو
هێشتاکوو لە دەست، بەری نەدا بوو

زرێبار ئەیگوت: زۆری کۆشابوو
بەستەزمان، ماسی، بۆ نەگیرابوو

1 - بێوچان: بێ پشوو، بێ حەسانەوە
2 - شێوە زمانی ناوچەیە، شین: ڕەنگی شین
*بسووڕێمەوە: بگەڕێم. *باوەژن: زڕدایک
لێوار: قەراخ، کەنار
بەچکە: بچوە

# شوان

مامە شوانی دەربەدەر
کوردی فەرەنجی لەبەر

خونچەی دڵم بێ ئاوە
هانام بۆ تۆ هێناوە

نەخورەی ئاوی کانی
نە باخ و نەغمەکانی

نە دیمەنی بەهاران
نە باڵندەی کۆساران

ماوەیەکە مەستم ناکەن
پاراوی هەستم ناکەن

دڵ تەنگم زۆر خەمینم
پەشێوی کۆچی ژینم

منداڵی بە خەمباری
لاوی بە چاوەنواڕی

مانگ و ساڵی ژیانم
کەی هات و چوو؟ نازانم

مامە شوانی دەربەدەر
کوردی فەرنجی لەبەر

خونچەی دڵم بێ ئاوە
هانام بۆ تۆ هێناوە

ساتێ لەبەر شاڵەکەت
دەربێنە شمشاڵەکەت

لە سێبەری ئەو دارا،
بڕوانە بەو جۆبارا

بە سۆزی جەرگی بریان
بلوێرت بێنە گریان

باخی ئەم دڵە تەنگە
پاراو کە بەو ئاهەنگە

ئاهەنگی بەجێ هێشتن
نەغمەی کۆچ و ڕۆیشتن

تاکوو بە نەزمی حەیران،
فرمێسکم بێنە سەیران

# نیگارێ

شنـەی بـەربـەیـان دیـمـەن بـە دیمەن
باوەشێن ئـەکـات، چیمەن بە چیمەن

کـیـژی خـــۆرەتـــاو چـــاوی هەڵدێنێ
دێـــت و گـولــی شـــەو، هـەڵـدەوەرێـنــێ

ئـەوەســتــێ لـەســەر دیـــــواری ئاسۆ
بۆ سـەیری دەشـت و ســەوزی کەژ و کۆ

ئەستێرەکانیش وەك ماسی نێو ئاو
لـە دەریـــای شینا ون دەبـــن لـە چاو

چیمەنی ســـەوزی ژێـــر پـــێ مـــرواری
فرمێسکی شـەونـم، دەتـکـێ لـە چـاوی

گەلێ ئاسکی جوان لە خەو هەڵدەستن
دێـنـە ســـەر کـانـــی، کــۆڕێ دەبـەسـتن

لاولاوی ڕەنگین، دەســت لە ملانی دار
پــێ دەکـــەنـــێ بـــۆ گــوڵـــی بــێ دڵــدار

پـــەلـــەوەر دەنــگـــی بـــەرز ئـەکـاتـەوە
لـــە چـــۆڵـــی بــاخــا دەنـــگ ئـــەداتـــەوە

ئـاوی چـۆم ئــەڕواو گـەڵای زەردی پار
دەسـپـێـرێ بـە دەس ڕێـبـواری ڕووبـار

پەپوولەی نەخشین لـەو سـەر جۆبارە
بـۆنـی گـوڵ دەكـــات هــەتـا ئـێـوارە

پــەرژیــنـــی دەوری بـــاخـــی گـــرتــوە
بـــاڵـــنــدە، لانـــــەی تــێــدا بــەســتــووە

خـۆر بە جێ دێڵێ داوێـنـی كوێستان
دێـتــە ســەربــانــی بـــاخ و دارســتـــان

بـەفـراو بـە وێـنـەی فرمێسكی دڵـدار
خـوڕ خـوڕ بە گۆنای كێوا دێتە خوار

بولبول نەغمە خوێن، ئەم چڵ بۆ ئەو چڵ
پێ دەكەنێ بـۆی، غونچەی ئاڵی گوڵ،

ئـــاوی ســافــی گـــۆم، ئــەڵــی نــیـگــارە
وێـــنـــەی سروشـــتــــی، تــێــدا دیـــارە

كـەوێ دێ لـەسـەر چیمەنی كۆسار
بـە دەنـدوكـی سـوور، ئەنوسێ: بەهار

ئــەی بــەهــاری مــن تــۆ كــەی دێیتەوە
ئەی بەهاری من تۆ كەی دێیتەوە.....

# چوارینه

شەوی تاریك لێم شێواوە ڕێگا
بەیانی هات و زۆری ماوە ڕێگا
ژیانی من وەکوو ئەم شەوە وەهایە
بەرەو هەر لا دەچم بەسراوە ڕێگا

گوڵی سەربەرزی لاولاو کورتە ژینی
دەمێکە سەیری باخ و پێکەنینی
بە ناکامی سەری دانا کە بمرێ
هەتاکوو ڕەنگی ئەم دنیایە ببینێ

گەڵاڕێزان گوڵی باخانی دا با
بەهارێ دیکە دێ ئەم داخە لابا
هەناسەی باخەوانی پیرە دەیگوت:
هەزاران خۆزگە ژینی من، وەها با

دڵم تەنگە پەرێشانم دەمێکە
خەیاڵم هەر دەمێ لانەی خەمێکە
ئەوندە دڵپڕم پێم خۆشە بگریم
کە فرمێسك و هەناسەش مەرهەمێکە

چلەی زستانیش کوێستانە و کچی کێو
دەپۆشی بەژن و باڵاکەی بە چاشیو
من ئەیزانم چ سیحرێکە ئەگەر بێ و
لە درزی پەردەوە دەرخا بزەی لێو

ژیانی لاویم وێنەی گوڵێ بوو
کە هاتە باخی ژین و هەڵوەری زوو
وەکوو لاولاوی ناکامی بەهاران
خەمێکی نایە داوێنی دڵ و چوو

چیمەنی نەورۆزی ئەمساڵی سنە، خوێناوییە
دەشت و کێوانی لاوەکان نەخشاوییە
سێسەد و پەنجاوحەوتە، ساڵی دین و ڕاپەڕین
کوردی ئازادە بەرەو پیری لە شۆڕش باویە

# تابووتی سوور

هەستە ئەی لاوی سنە، هیوات ئەگەر سەرکەوتنە،
کـورد ئەبێ ئـازادە بێ هەستە چ باکی مردنە

ڕەنگی خوێن چاوت ئەترسێنێت و خۆت نەگریتە دوور
هەستە تێکۆشین و دیسان خەینە ڕێ تابووتی سوور

دڵ بڵێسەی دێ لە شوێنی لاوەکان، وێنەی تەنوور
هەستە بخرۆشین و دیسان خەینە ڕێ تابووتی سوور

خوێنی بێ تـاوانـی لاوانـم لە بیر ناچێتەوە
یەك گرین، بۆ گرتنی مافی ئـەوان کۆ بینەوە

هەستە تاکوو یەك گرین تا ئەوجی سەرکەوتن بڕۆین
دەنگی گوللە گەر بهێڵێ، بەو پۆلیسانە بڵێین:

هەڵ گەڕینە و ئەو چەکە، تۆ دوژمنت ون کردوە،
دوژمن ئەو خوێنخۆرەیە، مافی من و تۆی بردوە

# خاك و خۆر

**(1)**

ئـــێـــواره بـــەو دنـــیـــا جـــوان
لـــە ســـوچـــی تـــاقـــی ئـــاســـمان

کـــیـــژی زێـــڕیـــنـــی هـــەتـــاو
خـــۆی شـــاردەوه لـــە بـــەر چـــاو

لـە سـەر سینگی شـاخ و هـەرد
کـــۆی کـــــردەوه زوڵـــفـــی زەرد

تـــاکـــوو بـــەیـــان لـــە ســـەر خۆ
لـــە تـــەخـــتـــی ســـــووری ئـاسـۆ

دیـــســـان بـــخـــاتـــە ســـەر شـــان
زوڵـــفـــی زەرد و پـــەرێـــشـــان

دارســـــتـــــان مـــــات و خـــەمـــبـــار
لـــە شـــوێـــنـــی کـــیـــژی دڵـــدار

پـــــەژارەی تـــاریـــك و ڕەش
شـــەوگـــاری گـــرتـــە بـــاوەش

بە هیوای ژوانێکی تر
خۆپیشاندانێکی تر

سەری ناداوینی شەو
خەمی شاردەوە بە خەو

تاکوو بەیانی نم نم
فرمێسکی ساردی شەونم

بۆ ئەوینی خاوێنی
ئەڕژێنێتە داوێنی

**(2)**

مانگە شەو چاو هەڵدێنێ
ڕوخساری خۆی بنوێنێ

بە جوانی دەشنێتەوە
جێگای خۆر بگرێتەوە

خونچە سەری دەربێنێ
باڵندە بجریوێنێ...

بەڵام هەرگیز ناتوانێ
تەنیا ئەمەش بزانێ

نێوان ئەو دڵدارانە،
خاک و ئەو خۆرە جوانە

بە ڕاستی هەر ڕۆژێ دێ
کە دڵداری تەواو بێ؟

هەروەها دەشنێتەوە
جێگای خۆر بگرێتەوە

خۆرەتاو چاو هەڵدێنێ
دێت و دڵی ئەشکێنێ

# چاپکراوەکانی ئەنوەر حسێن (بازگر)

**1- (تیر)ستان**

گۆشەی ڕۆژنامەنووسی-**2003**

**2- خوێندنەوەیەك بۆ مەسەلەی گۆڕانی سیاسی لەعێراقدا**

لێکۆڵینەوەی سیاسی-**2003**

**3- قەدەر**

شیعر- **2005**-چاپی یەکەم

**2007**-چاپی دووەم

**4- کورد لە ئاڵووگۆڕانکارییەکانی عێراقدا**

لێکۆڵینەوەی سیاسی-**2005**

**5- ئاشنابوون بە ئەفلاتوون**

پێشەکی و پێداچوونەوە-**2005**-چاپی یەکەم

**2005**-چاپی دوەم

**6- ڕۆمانێك لەگفتوگۆدا – چەند دیدارێك سەبارەت بەشاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی**

دیدارو چاوپێکەوتن-**2006**

**7- فایل**

گۆشەی ڕۆژنامەنووسی-**2007**

**8- کورد و قەیرانەکانی عێراق**

لێکۆڵینەوەی سیاسی-**2007**

**9- ئاشنابوون بە ئەرستۆ**

پێشەکی و پێداچوونەوە-**2007**

**10- یاداشتەکانی ڕۆژانی تەنیایی، گابرێل گارسیا مارکیز**

پێشەکی و پێداچوونەوە-**2008**

**11- دۆکیۆمێنت**

گۆشەی ڕۆژنامەنووسی**2008**-چاپی یەکەم

**2008**-چاپی دووەم

**12- دیدار لەگەڵ سێ شاعیری چەپی کوردستانی ئێران**

**- لەئارێزەوە تا سازو زوڵفا – چوار دیدار لەگەڵ چوار**

**شاعیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

دیدار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی-**2009**چاپی یەکەم

**2010**-چاپی دوەم

**13- عێراقی ناهۆمۆجین**

لێکۆڵینەوەی سیاسی-**2010**

**14- چاوەکانی باران**

شیعر-**2010**

**15- سانسۆر**

گۆشەی ڕۆژنامەنووسی-**2011**

**16- عێراقی مۆزایك و ناهۆمۆجین**

لێکۆڵینەوەی سیاسی-**2011**-چاپی یەکەم

**2011**-چاپی دوەم

**17- مۆدێلی حیزبایەتی لەکوردستان**

لێکۆڵینەوەی سیاسی-**2011**-چاپی یەکەم

**2011**-چاپی دوەم

**18- لۆژیك، ئەپستمۆلۆژیا، میتافیزیك لە دیدیی فەلسەفییەوە**

فەلسەفە- **2011**-چاپی یەکەم

**2012**-چاپی دوەم

**19- چۆن بۆت بدوێم - دیوانی شیعری ئەحمەد بازگر**

**- گۆمەشین - دیوانی شیعری ئەحمەد بازگر**

کۆکردنەوە و ئامادەکردن و پێشەکی، شیعر**2011**- چاپی یەکەم

**2021**-چاپی دوەم

**20- سەردەمی چاوەڕوانی**

دیوانی شیعر-**2012**

**21- کاتی دواین قسەیە**

گۆشەی رۆژنامەنووسی-**2012**

**22- ڕۆڵی (ی.ن.ك) لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان**

لێکۆڵینەوەی سیاسی-**2012**

**23- پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی**

لێکۆڵینەوەی سیاسی-**2012**-چاپی یەکەم

**2014**-چاپی دوەم

**2015**-چاپی سێیەم

**2021**- چاپی چوارەم

**24- قەقنەسێك بەسەر ئاویەرەوە**

دیدار لەگەڵ مەزهەری خالقی-**2012**

**25- شاهێنی ئاناوازا**

دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە-**2012**

**26- گوڵە گەنمێکی قەرسیلی سەوز**

دیدار لەگەڵ ناسر ڕەزازی-**2012**

**27- ملوانکەی شین - دیوانی شیعری شەریف**

کۆکردنەوە و پێشەکی بەهاوبەشی لەگەڵ لوقمان ڕەئوف، شیعر-**2013**

**28- بۆ ئازادی - دیوانی شیعری موسلیح شێخولئیسلامی (ڕێبوار)**

کۆکردنەوە و ئامادەکردن و پێشەکی، شیعر -**2013**-چاپی یەکەم

**2021**-چاپی دووەم

**29- مەلا بەختیار-گوتاری ئەنکەرە، وەرچەرخانی هاوچەرخی کوردایەتی**

کۆ وتاری مەلا بەختیار-**2013**

**30- پێگەی خۆرهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەییدا**

دیدار و چاوپێکەوتن**2013**

**31- لە زرگوێزەوە بۆ ئۆکرانیا-دیداری ئیبراهیم عەلیزادە**

دیدار لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە-**2014**

**32- لە قەندیلەوە بۆ کۆبانی**

دیدار لەگەڵ جەمیل بایك- هاوسەرۆکی (**PKK**)، موراد قەرەیلان-ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی (**PKK**)

دیدار و چاوپێکەوتن- **2015**

**33- هەژمونی پەکەکە دوای سەرهەڵدانی داعش**

لێکۆڵینەوەی سیاسی-**2015**-چاپی یەکەم

**2017**-چاپی دوەم

**34- بەهاری عەرەبی و مەترسییەکانی فەندەمێنتاڵیزم**

لێکۆڵینەوەی سیاسی-**2015** -چاپی یەکەم

**2021** چاپی دووەم

**35- هەژمونی هیلالی شیعی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا**

لێکۆڵینەوەی سیاسی-**2015**-چاپی یەکەم

**2017**-چاپی دوەم

**36- پێشێلکارییەکانی دژ بە ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان**

لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی ڕۆژنامەگەری-**2016**

**37- حکایەتی مرۆڤە ستەملێکراوەکان**

خوێندنەوەی کتێب-**2016**

**38- داعش و میلیشیاکان**

لێکۆڵینەوەی سیاسی-**2016**

**39- فاکت**

گۆشەی ڕۆژنامەنووسی-**2016**

**40- هەرێمی کوردستان و ململانێ ناوچەییەکان لە نێوان دوو زۆن و دوو جەمسەردا**

لێکۆڵینەوەی سیاسی-توێژینەوەی جیهانی-**2017**

**41- هێزەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان و پرسی سەربەخۆیی**

دیدار و چاوپێکەوتن-**2016**

**42- کورد لەناو عێراقی مۆزایك و ناهۆمۆجینەدا**

لێکۆڵینەوەی سیاسی**2017**- چاپی سێیەم

**2021** - چاپی چوارەم

**43- نفوذ الهلال الشيعي في الشرق الأوسط**

لێکۆڵینەوەی سیاسی- وەرگێڕانی بۆ عەرەبی- عەلی شەمدین-**2017**

**44- کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

**- کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بۆچی؟**

لێکۆڵینەوەی سیاسی-**2018**-چاپی یەکەم

**2018**-چاپی دوەم

**45- کوردستان پاش ڕیفراندۆم**

دیدار و چاوپێکەوتن-**2018**

**46- بیبلۆگرافیای بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا 2004-2019**

کۆکردنەوەی بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بەهاوبەشی لەگەڵ بابان ئەنوەر-**2018**

**47- ڕەوشی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان (2008-2018)**

لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی ڕۆژنامەگەری- بەهاوبەشی لەگەڵ پەرژین ئەحمەد-**2019**

**48- جەمیل بایك - فیگەرێکی شۆڕشگێڕ**

دیدار و چاوپێکەوتن-**2020**

**49- ڕەهەند**

گۆشەی ڕۆژنامەنووسی-**2021**

**50- ڕۆژئاڤا: ئۆپەراسیۆنی تورکیا و ئەجێندای ئەمریکا و ڕووسیا**

دیدار و چاوپێکەوتن-**2020**

**51- ئەستێرە سورەکانی ئاسمانی چەوساوەکان- شیعری کوردی و ڕەهەندی چینایەتی**

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی-**2021**

**52- بۆ هەواران دێمەوە - دیوانی شیعری حسێن شەبەق**

کۆکردنەوە و ئامادەکردن و پێشەکی، شیعر-**2021**

**53- کوردستان بەهەشتی ئەوروپا و دۆزەخی ئەفریقا**

لێکۆڵینەوەی سیاسی- **2021**

**54 - (تیر)ستان - بەرگی یەکەم - 2021**

گۆشەی ڕۆژنامەنووسی ((تیر)ستان - فاکت)

**55 - (تیر)ستان - بەرگی دووەم – 2021**

گۆشەی ڕۆژنامەنووسی (فاکت – فایل - دۆکیومێنت)

**56 - (تیر)ستان - بەرگی سێیەم – 2021**

گۆشەی ڕۆژنامەنووسی (دۆکیومێنت – سانسۆر – کاتی دواین قسەیە)

**57 - (تیر)ستان - بەرگی چوارەم – 2021**

گۆشەی ڕۆژنامەنووسی (کاتی دواین قسەیە - ڕەهەند)

**58 - پێگەی خۆرهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەییدا- -2021**چاپی دووەم

(پێگەی خۆرهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەییدا - کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بۆچی)

**59 - پرسی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان2021- چاپی دووەم**

(هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پرسی سەربەخۆیی - کوردستان پاش ڕیفراندۆم)

a.bazgr@gmail.com

https://www.facebook.com/anwar.hussen

https://www.facebook.com/pages/anwar.hussen.bazgr

telegram// anwar hussen bazgr

youtube: Anwar Hussen Bazgr

www.ideafoundation.co

**اسم الكتاب: قلادة زرقاء**

**اعداد:** انور حسين (بازگر)

**الموضوع:** شعر

**مشرف الكتاب:** برزين احمد

**المراجعة اللغوية:** كارا فاتح

**التصميم:** اوميد محمد

**الغلاف:** ارام على

**الطبعة الرابعة:** 2021

Book name: Blue Necklace

Writer: Anwar Hussein (Bazgr)
Subject: Poetry
Supervisor: Parzhin Ahmed
Proofreader: Kara Fath
Text Designer: Omed Muhamad
Cover: Aram Ali
Forth Edition: 2021